تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5796) چوارشەممە 24ی تەممووز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە بۆریس جۆنسۆن دەکات





بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا پیرۆزبایی لە بەڕێز بۆریس جۆنسۆن دەکات بەبۆنەی هەڵبژاردنییەوە بە سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت لە کار و ئەرکی نوێیدا، ئەمە دەقی نامەکەیە:

بەڕێز بۆریس جۆنسۆن،

پیرۆزبایییەکی گەرمتان ئاراستە دەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنتانەوە بە سەرۆکی پارتی پارێزگاران. بێگومانم کەوا ئەزموون و سەرکردایەتیی بەڕێزتان زۆر گرنگ و سوودبەخش دەبن بۆ داهاتووی شانشینی یەکگرتوو.

هەرێمی کوردستان شانازی بە پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ شانشینی یەکگرتوو دەکات، هیوادارم لەژێر سەرکردایەتیی بەڕێزتاندا وەک سەرۆکی پارتی پارێزگاران و سەرۆک وەزیرانی شانشینی یەکگرتوو، پەیوەندییەکان زیاتر پێشکەون.

ڕۆڵی بەرچاوی شانشینی یەکگرتوو لە پشتگیری و یارمەتیدانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژ بە تیرۆر زۆر گرنگ دەنرخێنین. لەژێر سەرکردایەتیی بەڕێزتاندا، هەرێمەکەمان هیوای بەردەوامی بەو پشتگیرییانەی شانشینی یەکگرتووە بۆ پاراستی سەقامگیریی ئەو بەشە گرنگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەگەڵ ڕێزدا..

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/7/23

ئەم هەفتەیە سەرۆکی هەرێم واژۆ لەسەر هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکات

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر گوتی، بڕیارە لەم هەفتەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان واژۆ و پەسەند بکات و دواتریش ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، کە ئەوانیش ئەنجوومەن ئاگادار دەکەنەوە و دواتریش یەکەم هەنگاوی ئێمە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ حکوومەت دەبێت. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، کەنعان خەیلانی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان و دڕێژکردنەوەی ماوەی کارکردنیان، هەموارەکە لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کراوە بۆ ئەوەی واژۆی لەسەر بکات و دواتریش ڕەوانەی پەرلەمان بکرێتەوە، بۆیە بڕیارە لەم هەفتەیەدا سەرۆکی هەرێم واژۆی بکات و ڕەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە و دواتریش ئێمە لە ڕێگەی نووسراوی فەرمییەوە ئاگادار بکرێینەوە. گوتیشی: دوای کاراکردنەوەی ئەنجوومەن، یەکەم هەنگاوی ئێمە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک دەبێت

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا

ئەمەریکا پشتیوانی لە هەوڵەکانی چاکسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



دوای نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/7/23 مایک پۆمپێیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە کرد. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە سەرەتادا دووبارە پیرۆزبایی لە سەرۆک وەزیران کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست و دووپاتی لە گرنگیی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان کردەوە و ئاماژەشی بەوەدا کە حکوومەتی ئەمەریکا پشتیوانی لە هەوڵەکانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بەتایبەتی لە بواری ئەنجامدانی چاکسازیی ئابووری. هەروەها خۆشحالی خۆیشی بەرامبەر سەردانی شاندی بالای هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا نیشاندا و گوتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هانی هەردوولا دەدات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی گفتوگۆوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

سەرۆک وەزیران وێڕای سوپاسکردنی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، جەختیشی لەوە کردەوە کە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا پێویستە بە شێوەیەک بێت کە ماف و ئەرکی هەموو لایەک لەبەرچاو بگیرێت. هەروەها باس لە گرنگیی بەردەوامبوونی یارمەتییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە کرا.

23 تەممووز 2019



گۆڕێکی دیکەی ئەنفالکراوانی کورد لە سەماوە هەڵدرایەوە کە ڕووفاتی 80 ئەنفالکراوی کوردی تێدابوو

عادل عەبدولمەهدی: مووچەی خەڵکی کوردستان بەگوێرەی بودجە دەدرێت و قووتیان نابڕدرێت



سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت "کێشەی کورد لە عێراق هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەبووە و کێشەی کورد پەیوەندی بە بودجە و نەوتەوە نییە و مووچەی خەڵکی کوردستان بەگوێرەی بودجە دەدرێت".

عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە کێشەکانی هەولێر و بەغدا و پرسی نەوت و مووچە کرد و گوتی "مووچەی خەڵکی کوردستان بە گوێرەی بودجە دەدرێت و شتێکی زیادەمان نەکردووە و قووتی خەڵکی کوردستان نابڕدرێت".

عەبدولمەهدی، گوتیشی: مەحاڵە جیاوازی نێوان کورد و ئەوانی دیکە بکەم، سەبارەت بەمن هەمووان عێراقیین، بەڵام هەر پێکهاتەیەک خاوەنی مێژوو، و تایبەتمەندی خۆیانن، کێشەی کورد لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ هەیە، پێش ئەم حکوومەتە و ڕژێمی پێشوو، و هەر لە سەردەمی پاشایەتی و بەکر سدقییەوە شتێک هەبووە، ناوی کێشەی کورد بووە، بۆیە کێشەکە پەیوەندی بە بودجە و نەوتەوە نییە، بەڵکو شتێک هەیە بە ناوی کێشەی کوردەوە، ئایا هاوکار دەبین لە چارەسەرکردنی یان نا؟ بۆیە ئەمە یەکسانییە لە نێوان تەواوی عێراقییەکاندا کە هاوکاربین بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان. ئێمە پابەندی یاسایین، یاسای بودجەی عێراقی دەڵێت پێویستە هەرێمی کوردستان 250هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە رادەست بکات بۆ سۆمۆ. ئەگەر ڕادەستی نەکرد، ئەوا بەشێکی بودجەکەی دەبڕدرێت، ئێمەش هەر ئەوەیە کە دەیکەین.

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە



بۆریس جۆنسن بووە سەرۆکوەزیرانی نوێی بەریتانیا



له ماوەی دوومانگی ڕابردوودا 9 کەس لەئاوی ڕووبارەکانی دەڤەری سۆران خنکاون

تەمەنی 97 ساڵە و بەردەوام شەترەنجیش دەکات

یۆری ئاڤەرباخ کە هەڵگری نازناوی کۆنترین گراندماستەری شەترەنجە لە جیهان، پێرێ پێی نایە تەمەنی 97ساڵی و تا ئێستاش یاری شەترەنج دەکات و بەشداری پاڵەوانێتییەکان دەکات.

یۆری کە خەڵکی ولاتی ڕووسیایە لەدایکێکی ڕووسی و باوکێکی ئەڵمانی، لە ساڵی 1952 بڕوانامەی گراندماستەری بەدەستهێناوە و چەند جارێک پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، لە ساڵانی 1949و 1952و تا ئێستاش.

زیاتر لەلاپەڕە 15 بخوێنەوە



لیژنەیەکی باڵا بۆ چاکسازی پێکدەهێنرێت و سەرۆکی حکوومەتیش خۆی سەرپەرشتی دەکات



بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات لە تەواوی دامەزراوەکاندا قۆناغ بە قۆناغ چاکسازی بکات.
مشیر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی یاسایی لە دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە بە نووسین داوامانە بە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی باڵا دروست دەکرێت سەرۆکی حکوومەت سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکات ئەو لیژنەیە مانگانە یان ڕەنگە پازدە ڕۆژ جارێک کۆببێتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان و چاکسازی و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکوومەت.
ئەو کاربەدەستەی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان زیاتر لەبارەی گەندەڵییەوە دەڵێت: لە یاسای ئێمە ئەو مادانەی کە پێی دەڵێن گەندەڵی لە ڕێگای لێکولینەوەکان و دادگا چارەسەر دەکرێت، هیوا بەخشیشە چونکە لە بەرنامەی سەرۆکی حکوومەت کە لە پەرلەمانی خوێندەوە یەکەمین خاڵ کە دەستپێکرد بە چاکسازی و بەرنامەی گەندەڵی و هەروەها پشتگیری دەزگا ڕەقابییەکان ئەوە شتێکی نوێ یە لە سەر ئاستی عێراق و ناوچەکە.

بڕیاردەری لیژنەی دارایی: پێویستە پێش مانگی 10 هەرێم و بەغدا بگەنە ڕێککەوتن

لە پڕۆژەیاسای سالّی داهاتوودا زیاتر جەخت لەسەر وەبەرهێنان دەکرێت

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، ئامادەکارییەکان بۆ پڕۆژەیاسای بودجەی سالّی داهاتوو دەستیان پێکردووە و بۆ یەکەم جاریش سێ ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئامادەکردنی بودجەدا بەشدارن. دەشڵێ، پێویستە تاوەکو پێش مانگی10 هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەبارەی پشکی هەرێمەوە بگەنە ڕێککەوتن.
د. ئەحمەد سەفار، بە مالّپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی عێراق لیژنەیەکی لەبارەی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی سالّی داهاتوو پێکهێناوە و ئەمجارە سێ پەرلەمانتاری تێدایە لە لیژنەی دارایی، کە لە پڕۆژەیاساکەدا زیاتر جەخت لەسەر وەبەرهێنان دەکرێت.
سەفار گوتیشی: پێویستە تاوەکو پێش مانگی 10ی ئەمساڵ پڕۆژەیاساکە بگاتە پەرلەمان، بۆیە پێویستە تا ئەو کاتە هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەبارەی پشکی هەرێمی کوردستانەوە بگەنە ڕێککەوتن، چونکە ئەگەر ڕێککەوتن نەکرێت، کێشەمان بۆ دروست دەبێت و زەحمەتە بتوانین وەکو ئەمساڵ تێپەڕێنین.
بڕیاردەری لیژنەی دارایی باسی لەوەش کرد، شاندێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و بڕیارە لیژنەی تەکنیکی لە نێوان هەردوو لا دروست بکرێن لەبارەی مەلەفی نەوت، داهاتی گومرگ و ئەو بەشەبودجەی کە لە هەرێمیان بڕیوە، لەگەڵ ماددەی 140 و تەواوی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

هەولێر و بەغدا میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەی نەوت دیاری دەکەن

هەییەت حەلبوسی: سەردانەکەی مەسرور بارزانی بۆ بەغدا زۆر گرنگ و پێویست بوو بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکان

حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق چارەسەری کێشەی نەوتی کوردستان دەکەن و لێژنەیەک پێک دەهێنن. دوێنێ سێشەمە 2019/7/23 هەییەت حەلبوسی، سەرۆکی لێژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانی عێراق بە سۆمەریییە نیوزی ڕاگەیاندووە، سەردانەکەی پێشووی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا ”زۆر گرنگ و پێویست بوو بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکان.“
هەییەت حەلبوسی هەروەها ڕایگەیاندووە، چاوەڕێ دەکەن هەفتەی داهاتوو لێژنەیەکی هاوبەش لە وەزارەتی نەوتی عێراق و سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان پێکبهێندرێ، کە میکانیزمێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت لەنێوان هەردوو حکوومەت، دەدۆزێتەوە.
هەفتەنامەی باسیش لە ڕاپۆرتێکدا لە ژمارەی دوێنێییدا، ئاماژەی بە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا کردووە و بڵاوی کردووەتەوە، هەردوو حکوومەت بە جیا سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕەشنووسێکی چارەسەرین بۆ کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراقی فیدراڵ، کە ئامانج لە ڕەشنووسەکان، ”ڕێککەوتنێکی دڕێژخایەن و کۆنکرێتییە “بۆ دۆزینەوەی میکانزمی گونجاو بۆ دۆسیەی نەوت و ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، جگە لە جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق، سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.



ئەم هەفتەیە سەرۆکی هەرێم واژۆ لەسەر هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکات

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر گوتی، بڕیارە لەم هەفتەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەمواکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان واژۆ و پەسەند بکات و دواتریش ڕەوانەی پەرلەمانی بکات، کە ئەوانیش ئەنجوومەن ئاگادار دەکەنەوە و دواتریش یەکەم هەنگاوی ئێمە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ حکوومەت دەبێت. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، کەنعان خەیلانی، بە مالّپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دوای هەمواکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان و دڕێژکردنەوەی ماوەی کارکردنیان، هەموارەکە لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێم کراوە بۆ ئەوەی واژۆی لەسەر بکات و دواتریش ڕەوانەی پەرلەمان بکرێتەوە، بۆیە بڕیارە لەم هەفتەیەدا سەرۆکی هەرێم واژۆی بکات و ڕەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە و دواتریش ئێمە لە ڕێگەی نووسراوی فەرمییەوە ئاگادار بکرێینەوە. گوتیشی: دوای کاراکردنەوەی ئەنجوومەن، یەکەم هەنگاوی ئێمە ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک دەبێت لەبارەی دڕێژکردنەوەی ماوەی کارکردنمان و دواتر دەسەڵاتی خۆمان بەکار دێنین و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی حکوومەت ئەنجام دەدەین بۆ شێوازی کارکردن لە داهاتوودا، کە بە چ شێوەیەک بێت، بۆ ئەوەی بەرکەوتن لە نێوان لیژنەکانی ئێمە و پەرلەمان نەبێت و ئەمە ڕێک بخرێت و ناکرێت لیژنەیەکی پەرلەمان بەدوای مەلەفێکدا بچێت و لیژنەی ئێمەش بەدوای هەمان مەلەفدا بێت، بۆیە پێویستە هەماهەنگییەکی تەواو هەبێت لە کاتی بەدواداچوونەکان و پێویستە کارەکانیان جیا بکرێتەوە.
ناوبراو باسی لەوەش کرد: لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو پرسە قسەمان کردووە و دەمانەوێت بە شێوەی کرداری ئەو کارەبکرێت و ئیشی هەر یەکەیان دیار بێت، چونکە ئێمە دوو دەزگای هەڵبژێردراوین لە لایەن خەڵکەوە.

لە مووسڵ پۆستێکی دیکە بە کورد درا

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەی دوێنێ سێشەمەی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵدا سێ بەڕێوبەری گشتیی پارێزگای مووسڵ دانران، کە یەکیان پشکی کوردبوو.
سیدۆ حسێن تاتانی، لە فراکسیۆنی پارتی، بە مالّپەڕی فەرمیی پارتی ڕایگەیاندووە: لە کۆی ئەو سێ بەڕێوەبەرە یەکێکیان پشکی کورد بوو، لەنێو کوردیشدا پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە د. ئەحمەد نازم دووبەردانی، بەڕێوەبەری تەندروستیی مووسڵی وەرگرت.
سیدۆ حسێن تاتانی ڕاشیگەیاند: بەڕێوەبەرەکانی تریش بریتی بوون لە وەبەرهێنان و پەروەردە.

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی بۆ خەبات:

لە پێناو کەرکووک دەنگمان بەیاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەدا

لە پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکدا هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق پەسەند کرا و گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی دۆخی تایبەتی کەرکووک فراکسیۆنی پارتی دەنگی بەیاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەداو هۆڵی پەرلەمانی جێهێشت.
د. ئارام بالەتەیی گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند: بەهۆی پەرۆشیمان بۆ دۆخی کەرکووک وەکو فراکسیۆنی پارتی داوامانکرد مادەی35 لەیاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەخرێتە بکرێتیدا ئاسایکردنەوەی دۆخی شارەکە بکاتە مەرج بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا لەکەرکووک، چونکە ئێمە خۆمان بەخاوەنی کەرکووک دەزانین و داکۆکی لەمافەکانی خەڵکی شارەکە دەکەین. گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەش کرد: ئێمە لەسەرەتاوە گوتوومانە دەبێ بارودۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە و ئەو هێزانەی هێنراونەتە شارەکە دەربچن و بەعەرەبکردنی شارەکە ڕابگیرێت وپێشمەرگە بگەڕێتەوە، بارەگا داگیرکراوەکانی پارتە کوردستانییەکانیش چۆڵبکرێن، بۆ ئەوەی خەڵک بە ئازادی دەنگ بدەن.



دەنگدانەوە، چونکە هیچ بڕگەیەک لەو مادەیەدا نییە باسی ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکووک بکات، ئێمەش پێمان وایە بەم بارودۆخەی ئێستای کەرکووک ناتوانرێت هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت بەڵام بەداخەوە جگە لە فراکسیۆنی پارتی هیچ کەس و لایەنێکی دیکە لەگەڵمان نەبوون بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەرێکی گونجاو بۆ دۆخی شارەکە، بۆیە ئێمە هۆڵی پەرلەمانمان جێهێشت و دەنگمان بە یاساکە نەدا.
د. ئارام بالەتەیی ڕاشیگەیاند: وەکو فراکسیۆنی پارتی داوامان کرد بڕگەیەک بۆ مادەکە زیاد بکرێت و لایەنێکی سێیەم وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان یان وەکو هەر وڵاتێکی دیکە ببێتە چاودێر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، بەڵام هیچ لایەنێک ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات.

بە مەرجی پارتی ئەوانەی ناویان لە لیژنەی ماددەی 140 نەبێت ناتوانن بەشداریی هەڵبژاردن بکەن

ڕۆژی دووشەمە پەرلەمانی عێراق بڕیاری دا سالّی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوە بچێت و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش پێی وایە، ڕەوشی کەرکووک گونجاو نییە بۆ هەڵبژاردن و دەشڵێ، پارتی بڕگەیەکی لە بەرژەوەندیی کەرکووک لە نێو یاساکەدا جێگیر کردووە.
دکتۆر ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: پارتی لەگەڵ ئەوەدا بوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە کەرکووک بەڕێوە نەچێت تا کەرکووک هێشتا هەزاران خەڵک ئاوارەن و تەعریب و دەستکاری هەیە."
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی گوتیشی: لە یاسای 35دا بە شێوەیەکی گشتی مافی کورد و پێکهاتەکان پارێزراو نییە، بکرێتەوە، دواتر هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت، ڕاستە ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنین، بەڵام لە کەرکووک هێشتا هەزاران خەڵک ئاوارەن و تەعریب و دەستکاری هەیە.
پارتی توانیبی ئەو بڕگەیە لەنێو یاساکەدا جێگیر بکات، کە هەر کەسێک لە لایەن لیژنەی ماددەی 140ی دەستووری عێراقەوە وەک خەڵکی ڕەسەنی کەرکووک دانی پێدا نەنرێت مافی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووکدا نابێت.
دکتۆر ڤیان سەبری ڕوونی کردەوە: جگە لە فراکسیۆنی پارتی، فراکسیۆنە کوردەکانی دیکە دەنگیان بە پڕۆژە یاساکە دا، کە هەڵبژاردن لە کەرکووک بەڕێوە بچێت و ڕەوشەکە ئاسایی بکرێتەوە و نەکرێتەوە کێشە نییە لای ئەوان، بەڵام پارتی جیددییە لە ئاسایکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک.



yasinheja@yahoo.com وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/24 ژمارە (5796)

گۆڕێکی دیکەی ئەنفالکراوانی کورد لە سەماوە هەڵدرایەوە کە رووفاتی 80 ئەنفالکراوی کوردی تێدابوو



هەدار بارزانی: بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان رووفاتەکان هی خەڵکی گەرمیانن و کەسوکاری تەیموورن

دوێنێ سێشەممە 2019/7/23 لە ناوچەی بادیە شێخیە لە سنووری شاری سەماوەی ناوەندی پارێزگای موسەنا گۆڕێکی بە کۆمەڵی سەردەمی سەدام حوسێن دیکتاتۆری پێشووی عێراقیان هەڵدرایەوە کە رووفاتی 80 ئەنفالکراوی کوردی تێدابووە، کە ئێسک و پروسکەکان زۆربەیان هی ژن و منداڵبوون. بەپێی هەواڵی میدیا عێراقییەکانیش، تیمەکانی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و شەهیدانی عێراق بە چاودێری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروانی هەرێم دەستیان بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کردووە کە ژمارەیان سێ گۆڕە.

دکتۆر زەید ئەلیوسف بەڕێوبەری پزیشکی دادوەری لە بەغدا بە ئاژانسی دەنگوباسی فرانس پرێسی گوتووە، ڕۆژی سێشەممە دەستیانکردووە بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکە کە دەکەوێتە ناوچەی تەل ئەلشێخیەی نوگرە سەلمانی پارێزگای سەماوە لە باشووری وڵات. ئەلیوسف لە دریژەی قسەکانی گوتیشی بۆیان دەرکەوتووە ژنەکان چاویان بەستراباووەوە و گوللە بەسەریانەوە نراوە و لەگەڵ ئەوەش هەڕەمەکیانە گوللە بە شوێنی دیکەی جەستەیانەوە نراوە. ئەوەشی ئاشکراکردووە: هەڵکەنینە سەرەتاییەکان چینی یەکەمی گۆڕەکەی نیشانداوە، بەڵام ڕەنگە چینی دیکەش هەبن، بۆیە کارەکان لە شوێنەکە بەردەوامن تاوەکو ئەو ڕوفاتانە ئەنفالکراوانی گەرمیان بن، بە جل و بەرگەکانیانەوە دیارە.

هەر لەم بارەیەوە هەدار بارزانی ئەندامی لیژنەی شەهیدانی پەرلەمان لەبارەی ڕووفاتی ئەوانەی لەنێو گۆڕە بەکۆمەڵەکەدا بوون بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندووە: بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ڕووفاتەکان هی خەڵکی گەرمیانن و کەسوکاری تەیموورن، بۆیە لە هەفتەی داهاتوودا تەیوور لە ئەمەریکاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاهێدی هەڵدانەوەی گۆڕەکان بێت.

جێی باسەپێشتر پارێزگاری موسەننا ڕایگەیاندبوو، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی هەموو هەوڵێک بۆ دۆزینەوە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوانی کورد لە سەماوە دەدەن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی سەماوەی کرد و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان و دەزگای شەهیدانی کارمەندانی پێشووی دەزگا ئەمنییەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس پێکهاتبوو، گۆڕێکی بە کۆمەڵی هاوواڵتیانی کورد لە ناوچەی شێخیەی سەربە شاری سەماوە دۆزرایەوە.

ژمارەی تەواوی قوربانییەکان ئاشکرادەبێت.

هەروەها فەرهاد ڕەشید، تاقانەی ئەنفال کە لە کاتی هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە ئامادە بووە، بە کوردستان 24ی ڕاگەیاندووە: سەر لەبەیانی دوێنێ دەستکرا بە هەڵدانەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوانی کورد لە 80 ڕووفات لەناو ئەو گۆڕە دابوون، کە هەموویان ژن و منداڵن. گوتیشی: بەگوێرەی ئاماژە سەرەتاییەکان پێدەچێت گۆڕەکان بێت.

ڕۆژی 2019/7/16 شاندێک ی بااڵی حکوومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتی عێراق کۆبوونەوە و جەختیان لەوە کردەوە کە بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکان گفتوگۆ لەنێوان هەردوولا دەست پێدەکەن.

عادل عەبدولمەهدی: مووچەی خەڵکی کوردستان بەگوێرەی بودجە دەدرێت و قووتیان نابڕدرێت

کێشەی کورد پەیوەندیی بە بودجە و نەوتەوە نییە

/K24

سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت "کێشەی کورد لە عێراق هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەبووە و کێشەی کورد پەیوەندی بە بودجە و نەوتەوە نییە و مووچەی خەڵکی کوردستان بەگوێرەی بودجە دەدرێت". عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لە کێشەکانی هەولێر و بەغدا و پرسی نەوت و مووچە کرد و گوتی "مووچەی خەڵکی کوردستان بە گوێرەی بودجە دەدرێت و شتێکی زیادمان نەکردووە و قووتی خەڵکی کوردستان نابڕدرێت".



عەبدولمەهدی، گوتیشی: مەحاڵە جیاوازی نێوان کورد و ئەوانی دیکە بکەم، سەبارەت بەمن هەموان عێراقیین، بەڵام هەر پێکهاتەیەک خاوەنی مێژوو، و تایبەتمەندی خۆیانن، کێشەی کورد لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆ هەیە، پێش ئەم حکوومەتە و ڕژێمی پێشوو، و هەر لە سەردەمی پاشایەتی و بەکر سدقییەوە شتێک هەبووە، ناوی کێشەی کورد بووە، بۆیە کێشەکە پەیوەندی بە بودجە و نەوتەوە نییە، بەڵکو شتێک هەیە بە ناوی کێشەی کوردەوە، ئایا هاوکار دەبین لە چارەسەرکردنی یان نا؟ بۆیە ئەمە یەکسانییە لە نێوان تەواوی عێراقییەکاندا کە هاوکاربین بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان. ئێمە پابەندی یاساین، یاسای بودجەی عێراقی دەڵێت پێویستە هەرێمی کوردستان 250هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە ڕادەست بکات بۆ سۆمۆ. ئەگەر ڕادەستی نەکرد، ئەوا بەشێکی بودجەکەی دەبڕدرێت، ئێمەش هەر ئەوەیە کە دەیکەین.

سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاشیگەیاند: لەبارەی مووچەشەوە، من نەمەسەپاندووە، هەر لە سەردەمی حکوومەتی عەبادییەوە هەبووە و ئێمە شتێکمان زیاد نەکردووە و میلاکاتی زیادە نەبووە، مووچە بە گوێرەی بودجە و بە شێوەیەکی ڕەوا دەدرێت ئەمەش خەڵکی کوردستانی خۆشحاڵ کردووە، و بۆیە دەکرێت بودجە لە چالاکی دیکە ببڕدرێت، جگە لە قووتی خەڵک.

ئەمە لەکاتێکدایە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ چارەسەری پرسە هەڵواسراوەکان گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق دەستپێبکات. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممەی 2019/7/22ی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بڕیارە شاندی هاوبەشی هەردوولا لە نزیکترین کاتدا دەست بە گفتوگۆی چڕ بکەن بۆ دانانی میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەگەڵ بەغدا. هەر لەو چوارچێوەیەدا لە یەکەم کۆبوونەوەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا کە شاندێکی باڵا حکوومەت بۆ دەربڕی نیازپاکی بەمبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدا بکات.

بۆریس جۆنسن بووە سەرۆکوەزیرانی نوێی بەریتانیا

بڕیارە ئەمڕۆ لەلایەن شاژنی بەریتانیاوە بۆ پێکهێنانی حکوومەت رابسپێردرێت



بۆریس جۆنسن کە بەسەرکردەی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا هەڵبژێردراوە، بوو بە سەرۆکوەزیرانی نوێی ئەو وڵاتە. دوێنێ سێشەممە 2019/7/23 لە میانی هەڵبژاردنێکدا کە لە ڕیگەی پۆستەوە بەڕێوەچوو، بۆریس جۆنسن توانی دەنگی 92 هەزار و 153 ئەندامی پارتەکەی بەدەست بهێنێت، لەکاتێکدا ڕکابەرەکەی کە وەزیری دەرەوەی ئێستا جێرمی هەنتە، تەنها46 هەزار و 656 دەنگی بەدەستهێناوە. بەم جۆرە بۆریس جۆنسن بە سەرکردەی پارتەکەی هەڵبژێردرا کە پارتی دەسەڵاتدارە، هاوکات مافی ئەوەی بەدەستهێنا کە ببێت بە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا.

بۆریس جۆنسن دوای ئاشکراکردنی ئەنجامەکان لە ڕوونکردنەوەیەکدا گوتی: کاتی جێبەجێکردنی بڕێکسیت و یەکخستنەوەی وڵات و سەرکەوتنە بەسەر جێرمی کۆربین "سەرکردەی پارتی کرێکاران" دا. ناوبراو بە گوتنی: کاتی کەمپین کۆتایی هات و کاتی کارکردنە، کۆتایی بە قسەکانی هێنا.

چاوەڕوانیش دەکرێت ئەمڕۆ چوارشەممە دوای ئەوەی تێرێزا مای نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە شاژن ئیلیزابێتی دووەم بکات، بۆریس جۆنسن ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی پێبدرێت.

یەکێک لە کێشەکانی جۆنسن لە پۆستە نوێیەکەیدا دارشتنی پلانێکە بۆ دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا کە بتوانێت لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەش پشتیوانی بەدەست بێنێت، جۆنسن بەڵێنی داوە تا تشرینی یەکەمی ئەمساڵ برگزیت بە ڕێککەوتن، یان بێ ڕێککەوتن جێبەجێ بکات.

جێی باسە لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی تیرێزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، ژمارەیەک کەس لە بەریتانیا خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە کاندیدکرد، بەڵام دواتر تەنیا دوو بەرێژێر: بۆریس جۆنسن و جێرمی هەنت مانەوە و، دوێنێ سێشەممەبۆریس جۆنسن، وەزیری پێشووی دەرەوەی بەریتانیا بە سەرۆکی پارتی پارێزگاران هەڵبژێردرا. هەروەها پێویستە ئەوەش لە بیر نەکرێ کە بۆریس جۆنسن وەک دۆستێکی کورد لە ساڵی 2015دا لەکاتێکدا شەڕی داعش لە دووری چەند کیلۆمەترێک بوو، سەردانی کوردستانی کرد و هێزەکانی پێشمەرگەی بەسەرکردەوە، دواتریش گەشتێکی بەنێو بازاڕی هەولێردا کرد و لە چایخانەی مەچکۆ چای خواردەوە.

بۆریس جۆنسن ساڵی 2001 بۆ2008 وەک نوێنەری پەرلەمانی بەریتانیا کاری کردووە، لە ساڵی 2008 بۆ2016 سەرۆکی شارەوانی لەندەن بووە و دووای ئەوە ساڵی 2016 لەلایەن تێرزا مەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە وەک وەزیری دەرەوە دانرا، بەڵام 9ی حوزەیرانی ساڵی 2018 دەستی لە کار کێشایەوە.

وەزیری دارایی: هەفتەی داهاتوو دانووستاندنی چڕ لە نێوان هەولێرو بەغدا دەکرێت



فواد حوسێن وەزیری دارایی عێراق و جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئابووری لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ئێندپێندنتی عەرەبی تایبەت بە پرسی فرۆشتنی نەوت، ئاشکرای دەکات کە هەفتەی داهاتوو دانووستاندنی چڕ لە نێوان هەولێرو بەغدا دەکرێت بەهۆی گەیشتنانە ئامانج لێی خستنەڕووی ڕوانگەیەکی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دۆسیەیە و سیاسەتی نەوتی بە گشتی لە عێراق و کوردستان. وەزیری دارایی ڕاشیگەیاندووە: کۆبوونەوە سەرەتاییەکان بۆ ئامادەکردنی بوجەی ساڵی 2020 دەستی پێکردووە. هەروەها جەختی لەوەش کردۆتەوە کە ئەم دانیشتنانە ئامانج لێی ستراتیژییە بۆ بوودجەی ساڵانی داهاتوو.

فۆئاد حوسێن ئەوەشی ئاشکرا کردووە: ئەگەر ئێران بەڵێنی خۆی لە داخستنی گەرووی هورمز بباتە سەر، ئەوا عێراق ڕووبەڕووی کارەساتێک دەبێتەوە، چونکە بەندەرەکانی بەسرە دەروازەی سەرەکیی هەناردەکردنی نەوتی عێراقن و بە داخستنی گەرووی هورمزیش، هەناردەی نەوتی عێراق لە بەسرە دەوەستێ. جێی باسە ماوەیەکە ئاڵوگۆزییەکانی کەنداوی عەرەبی زیادی کردووە، بە تایبەت دوای ئەوەی سوپای پاسدارانی ئێران دەستی بەسەر کەشتییەکی بەریتانیدا گرت.

شاخەوان عەبدوڵڵا: تەعریب لە کەرکووک بە چڕی دەستپێکردووەتەوە

لەسەر زۆر لە پرسە سیاسییەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە ڕێککەوتن کراوە

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی رایگەیاند، تەعریبکردن لە کەرکووک بە چڕی دەستپێکردووەتەوە و 60 هەزار عەرەب ناسنامەیان بۆ ئەو پارێزگایە گواستووەتەوە. لە میانی بەشداریکردنی لە بۆڵتەنی هەواڵەکانی نیوڕۆژی تۆڕی میدیایی رووداو، شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی لەبارەی هەوڵەکانی ئاساییکردنی دۆخی کەرکووک و پرسی بە عەرەبکردنی پارێزگاکە و کاریگەری کەمبوونەوەی ژمارەی کورد لەسەر داهاتووی کەرکووک، وەڵامی چەند پرسیارێکی داوەتەوە.





شاخەوان عەبدوڵڵا

شاخەوان عەبدوڵڵا سەرەتا لەبارەی هەوڵی لایەنە کوردییەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک ڕایگەیاندووە: ماوەی چەند مانگێکە خەریکی ئەوەین دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، قۆناخی زۆر باشمان بڕیبوو تا ئەوکاتەی بابەتی ڕاگەیاندنی بەربژێری کورد بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک دانیشتنەکانی دواخست، بەڵام لە کۆتایی ئەو هەفتەیە دانیشتنەکانمان دەستپێدەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو گرێیانەی هەبوو لەوێوە دەستپێبکەینەوە، لەسەر زۆر لە پرسە سیاسییەکان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە ڕێککەوتن کراوە، ئەوەی ماوە هەندێک کێشەی سادەیە لەنێوان ئێمە و عەرەب و تورکمان، بە ئومێدین بتوانین لە کۆبوونەوەی داهاتوو ئەو بابەتانەش یەکلایی بکەینەوە. هەوڵەکان بەردەوامن ئومێد دەکەین بگەینە ڕێگەچارەیەکی یاسایی و دیپلۆماسی.

لەسەر کەرکووکە، دەستپێکرد تاوەکو ساڵی 2003 و گەڕانەوەی کورد و ڕووخانی ڕژێمی سەدام، لەو ماوەیە و لەدوای دەرچوونی مادەی 140 و ڕێککارەکان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان و گەڕانەوەی کوردە ڕاگوێزراوەکان، جۆری لە هاوسەنگی گەڕایەوە بۆ کەرکووک. هەرچەندە پرۆسەی ئاساییکردنە لە ڕێگەی یاسایی و دیپلۆماسی.

لەبارەی بەردەوامیی پرۆسەی هێنانی عەرەبی ئاوارەشەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ کەرکووک، شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێت: بابەتی بە عەرەبکردن لە دوای بەدەرکەوتنی ئاماری ساڵی 1957 و بەرزی ڕێژەی کورد لەو کاتەوە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان هەوڵی تەعریبکردنی کەرکووکیان داوە، بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی ئەیلوول کە زانیان چەقی ململانێیەکان تەعریبکردن لە دوای 16ی مادەی 140 بە قۆناخەکانی کۆتایی نەگەیشتووە و زۆر قۆناخی ماوە. لە دوایین کۆبوونەوەی ئێمە وەکو شاندی دانوستاندکار لەگەڵ بەڕێز هادی عامری، من ئەو بابەتەم پێشنیاز کرد کە لەبەر ئەوەی خەرجی بۆ لێژنەی مادەی 140 دانراوە، دەبێت دەست بەو پرۆسەیە بکرێت. ئەو گوتی دەستیان بە خەرجکردنی چەکەکان کردووە بۆ قۆناخی یەکەم و هەوڵیش دەدەن ئەو پرۆسەیە دەستپێبکاتەوە. بابەتی پێکهاتە لەکاتی گفتوگۆکردنی هەمواری پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لەوێ باسمان لە دانانی میکانزمێک کرد بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆن. ئەو ناوچانەی دەکەونە چوارچێوەی مادەی 140 گواستنەوەی پسوولەی خۆراکی جیا لەوانەی لە چوارچێوەی مادەی 140 دەکرێت، هەر ڕێککارێک بگیرێتەبەر نایاساییە.

لەبارەی ئەوەشەوە کە کێ لە پشت ئەو تەعریبکردنەوەیە؟ شاخەوان عەبدوڵڵا ڕایگەیاندووە: بە پلەی یەکەم ڕاکان جبووری، چونکە ڕێککارەکانی دەرکردنی پسوولەی خۆراک و گۆڕینی ناسنامانە لەدەست پارێزگارە دواجار بۆ قائیمقامیەت و لەگەڵ فەرمانگەی پسوولەی خۆراک، ئەم سێ دامەزراوەیە ئێستا هەرسێکی لەدەست ئەوانە. بۆیە هەموو ئەو ڕێککارانە، ڕێککاری نایاسایین و پێچەوانەی دەستوورن. ئێمە لەگەڵ کۆمیسیۆنیش قسەمانکردووە کە پشت بە داتای ساڵی 2013 و هەڵبژاردنی 2014 ببەستێت لەگەڵ زیادکردنی ئەوانەی لەدایکبوونیان گەیشتووەتە 18 ساڵ. ئێمە هەوڵدەدەین ئەو مەترسیانە نەگاتە ئەوەی ناسنامەی دەنگدانیان بۆ دەربکرێت و لە هەڵبژاردنی 2020 بەشداربن، جیا لە هەڵبژاردنیش سەرژمێریان لەبەردەمە، بۆ سەرژمێری عێراقیش پێویستە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی کەرکووک واتە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت و تۆزێک خێراتر بکرێت، چونکە یەکێک لە پرۆسە هەرە گرنگەکانی ئامار بابەتی سەرژمێری دانیشتووانە کە نەتەوەی تێدا دەستنیشاندەکرێت. ماددەی 140 جگە لە بڕگەی یەکەم کە ئاساییکردنەوەیە، ئاساییکردنەوەکە تەنها بابەتی گەڕانەوەی ئاوارەکان نییە، بەڵکو گەڕانەوەی هەندێک لەو یەکە ئیدارییانەیە کە بەمەبەستی تەعریب گواستراونەتەوە بۆسەر پارێزگاکانی دیکە، بۆ نموونە دووز خورماتوو بۆ سەر پارێزگای سەڵاحەدین، کفری بۆ سەر دیالەو و چەمچەماڵ بۆ سەر سلێمانی، ئەمانەش لەکاتی ئاماردا دەبێت هەوڵبدرێت لەسەر کەرکووک ئەژمار بکرێت.

بە هۆی بەردەوامبوونی لە کڕینی نەوتی ئێران
ئەمەریکا سزای بەسەر کۆمپانیایەکی چینی سەپاند



کۆمپانیا دادەنرێت کە خاوی ئێران بۆ چین هاوردە دەکات.

هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پەمپیۆ لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: ئەمەریکا سزای سەپاندووە بەسەر کۆمپانیایەکی وزەی چینیدا بە ناوی چوهای چانگ ڕۆنگ کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات، ئەمەش بەهۆی پێشێلکردنی ئەو سزایانەی سەپێندراوە بەسەر کەرتی نەوتی ئێراندا.مایک پەمپیۆ گوتیشی: ئێمە وتمان سزای هەر ڕەفتارێک دەدەین کە سزاکان پێشێل بکات و ئێمە بەجددی ئەوەمان وەرگرتووە. ئەم هەنگاوەی ئەمەریکاش لەکاتێکدا دێت کە گرژییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوادا و هەروەها گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و چین کە لەمدواییانەدا گفتوگۆ بازرگانییەکانی نێوانیان دەستپێکردەوە.

وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، لە ڕاگەیەنراوێکدا ناوی کۆمپانیای ژوهای ژینرۆنگی چینی و بەرپرسەکانی بڵاوکردەوە.

بەردەوامبوون لە کڕینی نەوتی خاو لە ئێران بە هۆکاری ئەو سزایە دانراوە کە ڕووبەڕووی کۆمپانیا چینییەکە کراوەتەوە و تەواوی مامەڵەکانی کۆمپانیای ژوهای ژینرۆنگ و یۆمین لی بەڕێوەبەری لە ئەمەریکا لە بواڕەکانی دراو، بانکداری و مۆڵکدا ڕاگیراوە. کۆمپانیای ژوهای ژینرۆنگی بواری نەوتی نێوتی چینی ساڵی 1994 دامەزراوە و خاوەنی پەیوەندییەکی بەهێزە لەگەڵ ئێران و بە گەورەترین



ئەمەریکا سزاکانی سەر چوار بەرپرسە ئیداری و میلیشیاییەکەی عێراق ئاشکرا دەکات

بالیۆزخانەی ئەمەریکا سزاکانی ولاتەکەی بەسەر چوار سەرکردەی عێراقی ئاشکرا دەکات. دوێنێ سێشەممە 2019/7/23 بالیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، ئەو چوار بەرپرسە ئیداری و میلیشیاییەی عێراق مافەکانی مرۆڤیان پێشێل کردووە و لە کەیسی گەندەڵی تێوەگلاون.

ڕۆژی 18ی ئەم مانگە، وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا هەریەکە لە ئەحمەد جبوریی پەرلەمانتار، نەوفەل ئەلعاکوبی پارێزگاری پێشووی نەینەوا و هەردوو سەرکردەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی (ڕەیان کلدانی و وەعد قەدۆ)ی خستە ناو لیستی سزاکانی ولاتەکەی. هەروەک بالیۆزخانەی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە، سزاکانی سەر ئەو چوار بەرپرسە ئەمانەی خوارەوەن:

– دامەزراوە داراییەکانی ئەمەریکا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن.

– کۆمپانیاکانی ئەمەریکا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن.

– ڤیزای ئەمەریکایان پێ نادرێ.

وێنەی کلدانی، قەدۆ، ئەلعاکوب و جبوری

واشنتن پۆست: چەکدارەکانی داعش لە سووریاوە گەڕاونەتەوە عێراق

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی: بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمەریکا (واشنتۆن پۆست) زۆربەی چەکدارە عێراقییەکانی ناو ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە سووریاوە گەڕاونەتەوە عێراق و دەیانەوێ سەرلەنوێ خۆیان ڕێکبخەنەوە و چەندین کردەوەیان لەسنووورەکانی ناوەڕاست و باکووری عێراق و بەتایبەتیش لەناوچە سوننە مەزهەبەکاندا ئەنجامداوە.

ڕۆژنامە ئەمەریکییەکە لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەیدا نووسیوێتی: چەکدارە عێراقیە داعشەکان سوودیان لە شارەزایی خۆیان بۆ هاتوچۆ و جموجوڵ لە سنووورەکانی عێراق و سووریا و هەموو ئەو ناوچە عەرەبیە سوننیانەی ناوەڕاست و باکووری عێراق وەردەگرن کە پڕبەتی لەتونێل و شوێنی خۆشاردنەوە و تا ڕادەیەکیش سوودیان لەخزمایەتیان لەگەڵ خەڵکی ناوچە سوننیەکان و ئەو هەستە دوژمنکارانە وەرگرتوە کە سوننەکان بەرامبەر شیعە هەیانە و خەڵکی ئەم ناوچانە هەست بە زوڵملێکراوی دەکەن و تا ڕادەیەک چاوپۆشی لەجموجوڵ و شوێنی چەکدارەکانی داعش دەکەن. بەپرسێکی ئەمنی گەورەی عێراقیش کە نەیویستووە ناوی بهێنرێت باسی لەوە کردووە کۆنترۆڵکردنی ناوچە سوننیەکانی ناوەڕاست و باکووری عێراق ئێجگار زەحمەتە و سوپای عێراق و هێزە ئەمنیەکان توانای پاراستنی ئەو هەموو ناوچە و حەشارگە و تونێلانەی نییە.

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا 17 هەزار و 608 کەس لە مەکسیک کوژراون
بە تێکڕایی ڕۆژانە 100 کەس لەو وڵاتە دەکوژرێت

بەپێی داتا فەرمییەکان لە مانگی حوزەیراندا، سێ هەزار و 80 کەس کوژراون ئەمەش بەراوورد بەڕێژەی کوشتنی هەمان مانگ لە ساڵی ڕابردوودا لەسەدا هەشت زیادی کردووە. لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، 17 هەزار و 608 کەس لە مەکسیک کوژراون.

لە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردووشدا، 16 هەزار و 714 کەس کوژرابوون. واتە ڕێژەی کوشتن لە نیوەی یەکەمی ئەمسال بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو، لە سەدا 5 و پێنج 3 زیادی کردووە. بەپێی ئەو داتایانەش بە تێکڕایی ڕۆژانە 100 کەس لەو وڵاتە دەکوژرێت.



هێرشی حووسییەکان بۆ سەر بنکەیەکی ئاسمانی لە باشووری سعوودیە

هاوپەیمانییەتی عەرەبی:

فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکەمان خستووەتەخوارەوە

گوتەبێژی حووسییەکان، یەحیا سەریع رایگەیاند کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیان کردووەتە سەر بنکەی ئاسمانی شا خالید باشووری سعوودیە. یەحیا سەریع لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە کە دوێنێ سێشەممە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیان کردووەتە سەر ناوچەی خەمیس مشێت باشووری سعوودیە و لە میانیدا، بنکەی ئاسمانی شا خالید کراوەتە ئامانج. گوتەبێژی حووسییەکان، یەحیا سەریع ئاماژەی بەوەش داوە کە لە میانی 12 کاتژمێردا، فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی عەرەبی بە ڕابەڕایەتی سعوودیە23 هێرشیان کردووەتە سەر ژمارەیەک پێگەی حووسییەکان لە یەمەن. یەحیا سەریع راشیگەیاندووە کە لە وەڵامی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی عەرەبیدا، بنکەی ئاسمانی شا خالیدیان لە باشووری رۆژئاوای سعوودیە کردووەتە ئامانج. ناوبراو ئاشکرایکردووە کە هێرشەکە بەوردی ئامانجەکەی پێکاوە، بێ ئەوەی زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بخاتەڕوو.

هاوپەیمانییەتی عەرەبی لە یەمەن، تورکی مالکی ڕاشیگەیاندووە کە هێزەکانیان، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکەیان خستووەتەخوارەوە. تورکی مالکی باسی لەوەشکردووە کە هێرشی حووسییەکان بۆسەر ناوچەکانی باشووری سعوودیە، ڕوونە کە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە. بەم دواییانە حووسییەکان هێرشە ئاسمانییەکانیان بۆسەر دامەزراوەکان لە باشووری سعوودیە چڕکردووەتەوە.

کاردانەوەی ئێران بەرامبەر پلانی دروستکردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە کەنداو

جێگری سەرکۆماری ئێران، ئیسحاق جیهانگیری ڕایگەیاند کە پلانی دروستکردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا و بەریتانیا لە پێناو پاراستنی ئاسایشی کەنداو، ئاسایشی ناوچەکە تێک دەدات. تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران بڵاویکردەوە، ئیسحاق جیهانگیری لە سەردانەکەیدا بۆ پارێزگای ئەلبورز بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە کە پێویست ناکات هێزە بیانییەکان لە ناوچەکە پلان بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دابنێن و گوتی: "ئەم جۆرە هاوپەیمانییانە و بوونی هێزە بیانییەکان لە کەنداو خۆی دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە. دامەزراندنی هاوپەیمانی جگە لە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە هیچی دیکەی لێ ناڕوێت". جێگری سەرکۆماری ئێران، ئیسحاق جیهانگیری جەختی لەوە کردەوە کە تەنها بە هاوکاری ئێران و وڵاتانی ناوچەکە ئاسایشی کەنداو دەپارێزێت و گوتی: "ئەگەر گوشارەکانی سەر ئێران هەڵبگرن و دانوستانی ژیرانە لەگەڵ ئێران ئەنجام بدەن، ئەوا ئاسایشی کەنداو بۆ هەموو لایەک پارێزراو دەبێت".

جێی باسە ڕۆژی دووشەممە بەریتانیا داوای پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی دەریایی کرد بە ڕابەرایەتی ئەوروپا بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی هاتوچۆی دەریایی لە تەنگەی هورمۆز، ئەمەش چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی ئێران دەستی گرت بەسەر کەشتیەکی بەریتانیادا.

ئێران... بەهۆی دەستڕێژی هێزە ئەمنییەکان 8 هاووڵاتیی بەلووچ بوونە قوربانی



دوێنێ سێشەممە بەهۆی دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بۆ سەر کاسبکارانی بەلووچ، لە سنووری شاری "ڕیگان"لە پارێزگای کرمان، دوو هاووڵاتیی بەلووچ کوژراون و شەش کەسی دیکەش بریندار بوون. لەمبارەوە کەمپینی چالاکوانانی بەلووچ بڵاویان کردووەتەوە، ڕۆژی سێشەممە 2019/7/23 بەهۆی دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بۆ سەر ئۆتۆمبێلی کاسبکارانی بەلووچ لە نزیک سنووری پاکستان دا هاووڵاتیی دیکە بەناوەکانی ئەحمەد نارویی و ئەبدوڵڕەحیم نارویی گیانیان لەدەست داوە و شەش کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون.زانیاریی سەرچاوە خۆجێییەکان و شایەتحاڵان باس لەوە دەکەن پاش دەستڕێژی گوللە لە ئۆتۆمبێلی کاسبکاران کە سوتەمەنیی تێدا بووە، شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کۆنترۆڵی لەدەست داوە و لەگەڵ دوو ئۆتۆمبێلی دیکە پێکیان داداوە و هێزە ئەمنییەکانیش شوێنەکان بەجێ هێشتووە. لە ناوچە سنووریەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان لەگەڵ پاکستان هاشێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆرێک لە خەڵک بەهۆی نەبوونی دەرەتانی کار، سەرقاڵی کاسبی و هاوردن و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و شتومەک و بەتایبەت سوتەمەنین و ئەمەش لە یاسای ئێراندا بە قاچاخ دێتە ئەژمار، و پێش بەو کاسبکاران دەگرن و ساڵانە بە دەیان حاڵەتی کوشتن و برینداربوونی کاسبکارانی بەلووچ ڕوو دەدات.

کۆریای باشوور تەقە لە فڕۆکەیەکی جەنگیی ڕووسیا دەکات

ژاپۆن: گرژییە سەربازییەکان لە ناوچەکە مایەی قبوڵکردن نییە



کۆریای باشوور ڕایگەیاند کە بە مەبەستی هۆشداری پێدان، تەقەی لە فڕۆکەیەکی جەنگی ڕووسیا کردووە کە کایەی ئاسمانیی کۆریای باشووری بەزاندووە. ئاژانسی هەواڵیی یۆنهاپ بڵاویکردەوە، وەزارەتی بەرگریی کۆریای باشوور، ئاماژەی بەوە کردووە کە سێ فڕۆکەی جەنگیی ڕووسیا چوونەتە ناوچەی پشکنینی بەرگری ئاسمانیی کۆریای باشوور، بەرپرسێکی کۆریای باشوور، باسی لەوە کرد هێشتا ڕوون نەبووەتەوە فڕۆکەکانی سەربە ڕووسیا و چین بە ئەنقەست چوونەتە ناوچەی پشکنینی بەرگری ئاسمانییەوە یان نا.

لای خۆیەوە ڕووسیا بانگەشەکەی کۆریای باشووری لەبارەی پێشێلکردنی کایەی ئاسمانیی ئەو وڵاتە لە لایەن فڕۆکەیەکی ڕووسییەوە بەدرۆخستەوە. لەمبارەیەوە وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە فڕۆکە ڕووسییەکان لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا فڕیون و لە دەقەکەیدا هاتووە، "فڕۆکەکان لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بێ ئەوەی کایەی ئاسمانیی کۆریای باشوور ببەزێنن، گەشتی ئاسایی خۆیان ئەنجامداوە. فڕۆکەکانی F-16ی کۆریای باشوور مەترسییان بۆ فڕۆکە ڕووسییەکان دروستکردووە لە میانی فڕینیاندا، بەڵام تەقەی ئاگادارکردنەوە لە فڕۆکەکانمان نەکراوە".

هەروەها وڵاتی ژاپۆنیش ناڕەزایەتینامەیەکی دایە هەریەک لە کۆریای باشوور و ڕووسیا دوای گرژییە سەربازییەکان بە بانگەشەی "بەزاندنی کایەی ئاسمانیی لە دەروروبەری دوورگە ناکۆکی لەسەرەکانی لایەنکۆزرت لە دەریای ژاپۆن" لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. ئاژانسی هەواڵیی کیۆدۆ بڵاویکردەوە، سکرتێری کابینەی حکوومەت، یۆشیهیدە سوگا لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەکردووە پرۆتستۆی پێشێلکردنی کایەی ئاسمانیی ژاپۆنیان لە لایەن ڕووسیاوە کردووە دوای ئەوەی فڕۆکە ڕووسییەکان بەسەر دوورگەکاندا فڕیون. باسی لەوەشکردووە کە تەقەکردنی هێزەکانی کۆریای باشوور کە بانگەشەی سەروەریی بەسەر ناوچەکەدا دەکات و بە تاوانی ئەوەی فڕۆکەکان "کایەی ئاسمانیی ناوچەی بەرگریی ئاسمانیی و ناساندنیان پێشێلکردووە" کە بە شێوەیەکی تاکلایەنە لە لایەن حکوومەتی سیئۆلەوە ڕاگەیەنراوە، "مایەی قبوڵکردن نییە".



ڕوحانی: ڕۆژانە بڕی هەشت ملیۆن لیتر گاز لە ناوچە سنووربییەکانی ئێران بە قاچاخ دەفڕۆشرێت

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاند، پێویستە ئەوە دەستەبەر بکرێت بۆ دانیشتوانی شارە سنووربییەکانی وڵاتەکەی دراوسێ بفرۆشن و گوتی: هاووڵاتیان کە پاسەوانی گرنگی سنوورەکانی وڵاتن، پێویستە بتوانن سووتەمەنی بە وڵاتانی دراوسێ بفرۆشن و سوودمەند بن لەوەی لەبەردەستیان دایە. ڕوحانی ڕاشیگەیاند، ڕۆژانە بڕی هەشت ملیۆن لیتر گاز لە ناوچە سنووربییەکانی ئێران بە قاچاخ دەفرۆشرێت و هەنگاوی گرنگ لەدژی ئەوانە گیراوەتەبەر و ئاماژەی بەوەشدا، لەبەرئەوەی بەڕێگای سەرچاوەکانی نزیک لەئیدارەی دۆنالد ترەمپ، حکوومەتی قاچاخ ئاژەڵی زیندوو لە ناوچە سنووربییەکان بە وڵاتانی دراوسێ دەفرۆشرێت، نرخی گۆشتی سوور بەڕێژەی سەدا 30 زیادی کردووە و لە هەوڵی چارەسەری ئەو کێشەیەدان. جێی باسە کۆمپانیای نیشتمانیی دابەشکردنی بەروبوومە نەوتییەکانی ئێران کۆتایی مانگی ئایاری ڕابردوو ڕایگەیاندبوو کە لە 10ی ئابی داهاتووەوە شۆفێرەکان دەتوانن تەنها لەڕێگەی کارتی زیرەکەوە سووتەمەنی بکڕن.

ئەمەریکا دەیەوێت هەتا ساڵی 2020 کێشەی پەنابەرە نایاساییەکان کۆتایی پێبێنێت



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی: ئیدارەی ئەمەریکا بەنیازە ڕێوشوێنەکانی دەرکردنی پەنابەر و کۆچبەرە نایاساییەکانی ناو وڵاتەکەی خێراتربکات و پێش ڕێوشوێنە یاساییەکانیش بکەوێت. ئیدارەی دۆنالد ترەمپ کە لەسەرووبەندی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بەڵێنیدابوو ئەگەر سەرکەوتن بەدەستبێنێت یاسای کۆچ و وەرگرتنی پەنابەران دەگۆڕێت و پەنابەر و کۆچبەرە نایاساییەکانیش لە ئەمەریکا دەردەکات، خەریکە بەکردەیی ڕێوشوێنەکان دەگرێتەبەر و بەپێی سەرچاوەکانی نزیک لەئیدارەی دۆنالد ترەمپ، حکوومەتی ترەمپ دەیەوێت ئەم دوو مەرجە هەڵبگرێت و لەهەر شوێنێکی ئەمەریکا و لەهەر کاتێکدا کۆچبەرێکی نایاسایی هەبێت دەبێ دەستگیر بکرێت و ڕەوانەی ئەو وڵاتەبکرێتەوە کە لێوەی هاتۆتە ناو ئەمەریکا، بەنیازیشە هەتا ساڵی 2020 ئەم دۆسێیە کۆتایی پێبێت و سەرجەم پەنابەرە و کۆچبەرە نایاساییەکانی ناو ئەمەریکا دەربکات .ئەم بڕیارە نیگەرانی لای ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دروست کردوە و بەنیازن دژی ئەم ڕێوشێنانە سکالای یاسایی تۆمار بکەن.

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی بەئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەب کۆبۆوە

گۆڕنکارییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان و کاریگەرییەکانی بەسەر رەوشی عێراق و کوردستان خرایەڕوو



دوێنێ عەلی حسێن بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دێموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەب، سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فراوانی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لەئەنجومەنی سەرکردایەتیەکان و لقەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی لەبارەگای مەکتەب کرد.

لەمیانی کۆبونەوەکەدا بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان، بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق و پێشهات و گۆڕنکارییەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان و کاریگەرییەکانیان بەسەر رەوشی عێراق و کوردستان خستەڕوو، پاشان ئامادەبوون گرت بۆ زیاتر بەپەیوەندییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پارت و لایەنە کوردستانییەکان و پارتە عەرەبی و پێکهاتەکان و تەواوی پارتەکانی تری پارچەکانی دیکەی کوردستان و ناوچەکەو وڵاتانی هەرێمی و عێراق بۆ زیاتر پێشوەچونی پەیوەندییەکانی پارتی لەپێناو زیاتر خزمەت کردن بەدۆزی رەوای گەلەکەمان و هەماهەنگییەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیەکان لق و سەرکردایەتیەکان بەدرێژی تیشکی خرایەسەر، هەروەها هەنگاو و سەردانەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بۆ زیاتر پێشخستنی هەرێم و گەیاندنی گەشێکی ئارام سوودبەخش بەکوردستان تەوەرێکی تری کۆبونەوەکەبوو، هەر لەو کۆبونەوەیەدا عەلی حسێن ئاماژەی بە پرسی پێکهێنانی کابینەی نوێ حکومەتی کوردستان و هاتنەکایەیی قۆناغێکی تازەی کارکردن لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئەرکی هەموومانیش لەهەماهەنگی و پاڵپشتی کردنی ئەم حکومەتە بەبایەخەوە باس کرا، هەروەها بەڕپرسی پەیوەندییەکان تەئکیدی لەچارەسەری گونجاوی کێشەی کەرکوک و تەواوی ناوچەکانی تر بە هەماهەنگی و رێکەوتن لەگەڵ پێکهاتەکان و لایەنی حکومەتی عێراقی و بەمیکانزمێک کەببێتە مایەی رەزامەندی هەموو لایەک و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردن باسی لێوەکرا، هاوکات عەلی حسێن ئاماژەی بەوەش کرد پارتی لەم ماوەیەدا ئامادەکاری دەکات بۆ دەست نیشانکردنی کات و ئەنجامدانی کۆنگرەو کۆنفراسی حزب و خۆڕێکخستنەوەی بەشێوەیەک کە لەگەڵ ئەم قۆناغە بگونجێت، هەروەها تەئکیدی لەبەڕپرسیاریەتی ئەرکی پارتی و حکومەتی هەرێم کردەوە بۆ ئەوەی خزمەتی گەورە پێشکەش بکەن و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لەبەرنامەی حکومەتی ئایندەدا بێتەکایەوە، پاشان عەلی حسێن گوێی لە بۆچوون و سەرنج و تێبینیەکانیانی ئامادەبوان گرت بۆ زیاتر هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ تەواوی لایەنەکان و خزمەت کردن بەبەرژەوەندی گشتی بالای کوردستان .

وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کۆبۆوە



دوێنێ سێشەممە 23/7/2019 رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دیوانی وەزارەت پێشوازیی کرد لە هاکان کاراچای کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری. لە دانیشتنێکدا کە بەڕپرسی بەشی تورکیا لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەرێمی کورستان پیرۆزبایی لە وەزیری ناوخۆ کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا، خوازیاربوو هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەردوولا بەردەوام بێت و زیاتریش پەرە بستێنێت.

لە بەرامبەریشدا بەڕێز وەزیری ناوخۆ سوپاسی کونسوڵی گشتیی تورکیای کرد و رایگەیاند کە تورکیا وەک وڵاتێکی دراوسێ گرینگی تایبەتی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، و ئومێدی خواست کە پەیوەندییە دیپلۆماتی و ئابووری و بازرگانییەکان لەنێوان هەردوولادا بەردەوامبن و بەرەو پێشتریش بچن، ئامادەیی وەزارەتی ناوخۆ و حکوومەتی هەرێمی نیشاندا بۆ هەموو ئاسانکارییەک لەم ڕووەوە.

بەڕپرسی لقی 16 لەناحیەی کەسنەزان سەردانی جەستە بەخشێکی کرد



بەبەشێک لەجەستەی خۆی ژیانی بەکەسێکی دیکە بەخشیوەتەوە کە ئەمەش جگە لەوەی کارێکی مرۆڤ دۆستی یە لای خوداش پاداشتێکی گەورەی هەیە، هەروەها ئامادەیی لقی 16ی دەربڕی بۆ هەرجۆرە هاوکارییەک لەپێناو هەرچی زوتر چاکبونەوەیان .

لەبەرامبەردا فاتح مەولەوی زادە سوپاسی گەرمی بەڕپرسی لقی 16و شاندی یاوەری کرد بۆ ئەو سەردانیکردنەیان و ئاماژەی بەو کارە خێرخوازییەی کرد کە وەک کارێکی مرۆڤ دۆستی و بەبێ هیچ بەرامبەرێک ئەو کارەی کردووە.

بەڕپرسی لقی 16 لەمیانی سەردانەکەیدا وێڕای گەیاندنی سوپاس و پێزانینی لقی16ی هەولێر هیوای تەندروستییەکی باش و هەرچی زوو چاکبوونەوەی بۆ فاتح مەولەوی زادە خواست لەبەرامبەر ئەو کارە خێرخوازییەی ئەنجامیداوە کە ناوچەی کەسنەزان لەناحیەی کەسنەزان سەردانی هاوڵاتی فاتح مەولەوی زادەی کرد دوای ئەوەی ناوبراو لەکارێکی دەگمەنی خێرخوازیدا بەشێک لەجگەری خۆی بەمندالێک و ژیانی ئەو منداڵەی لەمردن رزگار کرد .

لەدرێژەی دیدارو سەردانەکانیداو بەمەبەستی گەیاندنی سوپاس و پێزانینی لق ,بلند ئیسماعیل بەڕپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دێموکراتی کوردستان بەیاوەری تەیب زرار شێروانی کارگێڕی لق و هێرش مەلا جەوهەر بەڕپرسی لێژنە

ب دەست و باسکێن پێشمەرگێن قەهرەمان ئەڤرویا کوردستانێ دروست بویە



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ دگەل هژمارەکا بەرچاڤا پێشمەرگێن خانەنشین کومبو دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا وێ ئێکێ کو پێشمەرگە ئەو قەهرەمانن ئێن شەنگستێ ئاڤا کرنا کوردستانێ درستکری چیا و دۆل و نەهالێن کوردستانێ شاهدیێ بۆ داستانێن وان دەەن، گەلەک هەڤال و هوگرێن مە ژی روحا خوە یا پیرۆز گوری ئازادی و پاراستنا نامیسا مروڤێ کوردستانی کرن.

ئەڤرو ژی بۆ پاراستنا ڤان دەسکەفتا ئەم پێتڤی دلسوزی و ئەزمونا هەوەیا پر خەبات هەیە و روژ بۆ روژێ ژی کوردستان بەرەڤ روژگارێن نویی پێنگاڤا د هاڤێت و ل دویڤ راسپاردە و ئەمرێ سەروک بارزانی جارەکا دی خوینا کوردان ب دەستێ کوردان ناهێتە رێتن بەلکو هەمی پێنگاڤ ئەون کو ناڤ مالا کوردی بێتە رێکخستن کرن.

لەوما هەفدیتنا مەیا ئەڤرو رێزگرتنە ژ بۆ وێ کەد و تێکوشینا هەوە دیتی و هێن دەرچویێن قوتابخا بارزانییێ نەمر و پێشمەرگەهێن کوردستانێ نە، ئەڤە و پێشمەرگێن خانەنشین سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن ژ بۆ ڤی هەڤدیتنێ دیسان ئامادەبون و بەرهەڤیا خوە ب روحا گەنجایەتیێ بۆ پارت و رێبازا خوە دوپاتکرن.

پێشمەرگەی فیداکاری رێبازی بارزانیی نەمر حاجی ئەحمەد هەرکی کۆچی دوایی کرد



خەبات ـ سەفەر یوسف میرخان زلاوکی

دوای ملمالانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناس و تێکۆشەر ئەحمەد مەحمود هەرکی ناسراو بە حاجی ئەحمەد هەرکی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئێران لە دەرەوەی کوردستان کۆچی دوایی کرد، بڕیارە سبەی پێنجشەممە تەرمی خوالێخۆشبوو بگەڕێتەوە کوردستان و لە مەراسیمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی هەڤال و هاوسەنگەر و کەسوکاری لە گۆڕستانی پیرمام لە ناحیەی پیرمام سەربە قەزای شەقلاوە بە خاک بسپێرین.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دلسۆز حاجی ئەحمەد هەرکی سالی 1948 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی دێرین سەربە ناحیەی پیرمام لە دایکبووە، سالی 1965 لە تەمەنی لاویەتی دا پەیوەندی بە رێکخستنەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە سنورەکەی دەکات وە رۆڵی هەبووە و سالی 1969 دەبێتە پێشمەرگەی لەگەڵ کەسوکاری بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول دەکات، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول سالی 1974 لەگەڵ بنەماڵەیەکان ئاوارەی ئێران دەبن لە شاری کاشان نیشتەجێ دەبن و لە ناو رێکخستنەکانی پارتی دیسان کوردایەتی دەکەن ، لەگەڵ براکانی بەشداری لە شۆڕشی گوڵان کرد و کەسێکی خۆشەویست لای هاوسەنگەرانی بووە، خوالێخۆشبوو دەکاتە برای هەریەک لە شەهیدی نەحمۆ هەرکی کە بە ئەرکێکی تایبەتی پێشمەرگایەتیدا لە شۆڕشی گوڵان لەسالی 1983 لە لایەن دەزگایەکانی مخابراتی رژێمی بەعس دەستگیر و دواتر لە سیدارە درا، هەروەها بۆ ماوەی چەند ساڵ لە بەرخەبات و قارەمانیەتی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی71 سالی لە دەرەوەی کوردستان کۆچی دوایی کرد.

پرسەو سەرەخۆشی

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆچی دوایی شاعیر و نووسەر فەرید زامدار
بەڕێزان خانەوادەی شاعیر و نووسەر فەرید زامدار

دڵگران بوین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەر و رۆژنامەنووس فەرید زامدار بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس و کار و بنەماڵەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەش وشەریکی خەمتان دەزانین.

هەڤاڵ فەرید زامدار نووسەر و شاعیرێکی دیاری گەلەکەمان بوو لە ساڵی 1952لە شاری هەولێر لەدایک بووە، لە تەمەنی لاوێتیدا سەروکاری لە بواری ئەدەبی دا هەبووەو لەو ڕووەوە جێبەنجەی ڕوون و بەرچاوە و بەدرێژایی تەمەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی خاوەنی چەندین دیوان و بەرهەم وکتێبی ئەدەبییوو.

ئومێدەوارین هاوخەمیی و هاوسۆزیی هەڤاڵانی و هاوپیشەکانی لە نووسەران و رۆژنامەنووسان ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادەکەتان و لە خە م و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و هیواخوازین لە خەم و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای هەڤاڵی کۆچکردوویش بەهەشتی بەرین بێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دێموکراتی کوردستان

***

بنەماڵەی بەڕێزی شاعیر و نووسەر فەرید زامدار

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز فەرید زامدار ـ مان پێگەشت

فەرید زامدار پێشمەرگەی ڕۆژانی سەخت و خاوەنی قەڵەمێکی بوێر بوو، شاعیرێکی نوێخواز و نووسەرێکی دیار ، ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بوو.

بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرسە و ماتەمینی خۆمان ڕادەگەیەنین و خۆمان بە هاوخەمی بنەماڵە بەڕێزەکەتان و دۆستانی دەزانین.

گیانی ئارام.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

لێژنەی ناوچەی ئازادی خولێکی ڕۆشنبیری بۆ دکتۆر عومەر نورەدینی سازکرد

خەبات ـ سەید فەخرەدین: لە درێژەی کاروچالاکییەکانی لێژنەی ناوچەی ئازادی دوێنی ئێوارە خولێکی ڕۆشنبیری لە ناو بارەگای ناوچە بەڕێوچوو. لە خولەکەدا کە بۆ دکتۆر عومەر نورەدینی سازکرابوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرانی سنووری ناوچەی ئازادی بە شدار بوون. لەم بارایەوە محەمەد عزەت بەڕپرسی لێژنەی ناوچەی ئازادی بەخەباتی ڕاگەیاند: لە خولە کەدا دکتۆر عومەر نورەدینی بەتێرو تەسەلی باسی لە میژووی پر لەخەبات و تێکۆشانی پارتی دێموکراتی کوردستان و دامەزراندنی کرد کە ئەم ڕووداوە مەزن و میژوویە دەکەوێتە ڕێکەوتی 16ی ئاب. شایانی باشە کەوا ئەم خولە ماوەی یەک هەفتە دەخێنێت و دواتر لەڕێ و ڕەسمێکدا بڕوانامە بەسەر بەشداربووان دابەش دەکرێت.

بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان کۆبووە وەزیری پلاندانان لەگەڵ ئەنجومەنی کوردستان

دوێنێ 23-7-2019 لەدیوانی وەزارەت دکتۆر دارا ڕەشید وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێم پێشوازی کرد لە سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان". لەدانیشتنێکدا گفتوگۆ لەبارەی بەرنامەو پلانی داهاتووی کاری وەزارەت و ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان کرا" لەلایەن خۆیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان رۆڵی وەزیری پلاندانانیان لە سەرخستنی کارەکانیان بەرزنرخاند و داوایان کرد پاڵپشت و هاوکاریان بێت لەجێبەجێ کردنی پرۆگرامەکانیان بەتایبەت لە کردنەوەی خول و ڕاهێنانی پزیشکان. لەبەرامبەردا دکتور دارا ڕەشید ئامادەیی تەواوی وەزارەتی نیشاندا بۆ پێشخستنی بەرنامەکانیان" چونکە ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە پێگەیاندنی پزیشکان و دروستکردنی پزیشکی پسپۆر و لیهاتوو کەلەئیستادا بەگوێرەی پسپۆریەکانیان خزمەت دەکەن.

هۆکارەکەی بۆ پابەندنەبوونی گەشتیاران دەگەڕێتەوە

لە ماوەی دوومانگی رابردوودا 9 کەس لەئاوی ڕووبارەکانی دەڤەری سۆران خنکاون



خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی_ن_سۆران

بە پێی ئامارێک تەنها لەماوەی دوومانگی رابردوودا 9 کەس لە ئاوی ڕووبارەکانی سنووری دەڤەری سۆران خنکاون و بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆرانیش ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانی خنکان پابەندنەبوونی گەشتیارانە بە ڕێنمایی و تابلۆکانی هۆشیارکردنەوە.

9کەس خنکاون...

ئاشکرایە دەڤەری سۆران و دەوروبەری ناوچەیەکی گرنگی کەرتی گەشتیاریی سنووری پارێزگای هەولێر پێکدەهێنێت و سالانە بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری ناوخۆیی و بیانی سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن و بە پێی ئامارێکیش بە تەنها لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا 9 کەس لە ئاوی ڕووبارەکانی دەڤەرەکە خنکاون وعەمیدی مافپەروەر (عیماد کەنعان ڕێکانی) بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران تایبەت بە خەبات رایگەیاند وبەداخەوە لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا 9کەس لە ئاوی ڕووبارەکانی سنووردەکە خنکاون کە لەو ژمارەیەدا 6 کەسیان وەک گەشتیار سەردانی ناوچەکەیان کردبوو و سێ کەسی تریشیان خەڵکی سنوورەکەن.

گەڕان بە دوای تەرمی 2کەس بەردەوامە...

بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران ئاماژەی بە گەڕان بە دوای تەرمی قوربانییەکان کرد ورایگەیاند ،لەو ژمارەیەکی کە باسمان لێوەکرد توانراوە لە لایەن تیمەکانی بەرگری شارستانییەوە تەرمی حەوت کەسیان بدۆزرێتەوە و گەڕان بە دوای دوو کەسەکەی دیکەش کە یەکێکیان گەشتیارێکی پارێزگای موسڵە و ئەوەیترشیان هی پارێزگای هەولێر تا ئێستاش بەردەوامە.

پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان...

لای خۆیەوە بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران ئاماژەی بە هۆکارەکانی ڕووداوەکانی خنکان کرد و رایگەیاند: هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانی خنکان پابەندنەبوونی گەشتیارانە بە ڕێنمایی و تابلۆکانی هوشیارکردنەوە کە لە زۆر شوێن دانراون ،هەروەها نەشارەزایی لە ناوچەکەش هۆکارێکی تر ،ئاشکراشە ئەمسال ڕێژەیەکی زۆر باران باریوە ئەمەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاوی ڕووبارەکان ئەمەش مەترسی زیاتری دروستکردووە ،هەروەها جگە لەم بابەتانەی کە باسمان لێوەکرد پێویستە شوێنە گەشتیارییەکانی کەرتی تایبەتیش هەوڵی زیاتر بۆ پارێزگاریکردن لە گەشتیارانیان بدەن و شوێنەکانیان لە هەر مەترسییەک دوور بخەنەوە.





لەبارەی کێشەی پێوەرەکانی ئاوەوە..

ئایا راستە هاوواڵاتیان پارەی هەواش دەدەن..؟!

بەپێی زانیارییەکان ئاوی خواردنەوەی مااڵن لە شاری هەولێر لە ڕێگای هەردوو سەرچاوەی ئاوی بیرەکان و پرۆژەی ئاوی ئیفرازەوە دابین دەکرێت و کە ئەوەی دووەمیان ئاوەکەی لە زێتی گەورەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ڕێگەی تۆرێکی فراوانەوە دابەش دەکرێتە سەر سەرجەم دانیشتوانی هەولێر.

ئەگەرچی ساڵانی پێشتر کێشەی کەمئاوی ڕووی لە هەندێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر دەکرد، بەاڵم تا ڕادەیەکی باشیش توانراوە ئاو بۆ سەرجەم گەڕەکە کۆن و نوێیەکان دابین بکرێت و بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە ڕێژەی کەمئاوی لە هەولێر زۆر نزمترە.

ئەگەرچی ئامانج لە بەستنی پێوەری ئاو کەمکردنەوەی ئەو ئاوەیە کە بەفیڕۆ دەڕوات و هاوواڵتیان زیاد لە پێویست بەکاری دەهێنن، بەاڵم ئەوەی لە ئێستادا زۆرتر دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی بەگشتی نیگەران کردووە کێشەی پێوەرەکانی ئاوە، کە بەپێی قسەی ئەندازیار و شارەزایان ئەو پێوەرەی بۆ پێوانەکردنی ڕادەی سەرفکردنی ئاو بەستراوە، هەواش دەخوێنێتەوەو هاوواڵتی لەبری ئاو دەبێ پارەی هەواش بدات.

بەشێکی ئەو هاوواڵتیانەی باس لە خوێندنەوەی زۆری پارەی ئاو دەکەن ئاماژەیان بەوەداوە کە ماڵ هەیە نزیکەی سێ ملیۆن دیناری لەسەر نووسراوە وەک پارەی ئاو، هاوکات ژمارەی زۆر زۆر زیاتریش لەوە باسی لێوە دەکرێت، بەڕێرسانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی ئاویش ڕوونکردنەوە دەدەن کە ئەو ژمارانە هەڵەی خوێنەری پێوەرەکانی ئاوەو دەکرێ چارەسەر بکرێت، بەاڵم ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕێژەی ئەو هاوواڵتیانەی بەهۆی ئەو بڕە زۆرەی پارەی ئاو تووشی شۆک هاتوون، زۆرە و ناشکرێت ئەو هەموو هەڵە و کەموکوڕییە لە خوێنەری پێوەرەکانی ئاودا هەبن.

لەگەڵ ئەو کەموکوڕیانەشدا گرفتی گەورەتر لەو پێوەرانەی ئاو خوێندنەوەی هەوایە، شارەزایان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو پێوەرانە لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان هەمان کێشەیان دروستکردووەو نکۆڵی لەوەش ناکەن کە ئەو هەوایەی بەهۆی (مزەخە – ترۆمپا) بەناو پێوەرەکانی ئاودا تێپەڕ دەبێت وەک ئاو لەسەر بەشداربوو تۆمار دەکرێت، بۆیەش ئەو کێشەیە زۆرتر هاوواڵتیانی نیگەران کردووەو ئومێدیشیان کەمتر بووەتەوە لە چارەسەرکردنی، مەگەر بە گۆڕینی پێوەرەکان و دانانی سیستەمێکی دیکەی دابەشکردنی ئاو نەبێت.





لێخوڕینی ماتۆڕسکیل قەدەغە بکرێ یان بە یاسا ڕێکبخرێت..؟

زیاد گچکە: ژمارەی ئەو ماتۆڕسکیلانەی ڕۆژانە لە شەقام و ڕێگاوبانەکان هاوواڵتیان بێزار دەکەن و زۆرترین جاریش دەبنە هۆکاری ڕووداوی دڵتەزێن، لە زیادبوونداین و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش بەنیازی داخستنی ئەو شوێنانانەیە کە ماتۆڕسکیلی تێ مەنەفێست دەفرۆشن، وێڕای ئەوەش بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێریش چەندین هەڵمەتی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو ماتۆڕسکیلە نا یاساییانە ئەنجام داوە.

قەدەغەکردنی لێخوڕینی ماتۆڕسکیل دوو بۆچوونی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، بەشێک لە هاوواڵتیان پێیانوایە کە پێویستە و بۆ بەرژەوەندی گشتی باشترە لێخوڕینی ماتۆڕسکیل بە یەکجاری قەدەغە بکرێت و کەس بۆی نەبێت ماتۆڕسکیل لێبخوڕێت، پاساوەکەیشیان بە هەراسان نەکردنی هاوواڵتیان و دوورکەوتنەوە لە ڕووداوی هاتۆچۆ هێناوەتەوە، لە بەرانبەریشدا بەشێکی هاوواڵتیان پێیانوایە دەبێ لێخوڕینی ماتۆڕسکیل بە یاسا ڕێکبخرێت و هاوشێوەی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل مۆڵەتی بۆ دەربکرێت ماتۆڕسکیلەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆوە تۆمار بکرێن، کە ئەوانیش پاساویان ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەوانەی ماتۆڕسکیل بەکار دەهێنن کەسانێکی کاسبکارن و ئیشوکار و بڕێوی ژیانیانی پێ دابین دەکەن، کە دەشێ ئەو بۆچوونە زۆرتر جێگەی ڕەزامەندی گشتی بێت و دواجاریش بڕیاری کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ.

دایکێکی ماندوونەناس
ڕووناکی خستنەسەر خەبات و تێکۆشانی حەمدیە ئەبوبەکر


حەمدیە ئەبو بەکر ئەمین



ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

لە سەد سالّی ڕابردووی زوڵم و زۆرداری داگیرکاران کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ کوشتن و ڕاونان و زیندان وکۆمەڵکوژی و وێرانکاری و شێواندنی میژوومان و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیمان دراوە، ئافرەتانی هەڵگری ڕێبازەکەی پارتی و بارزانی ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەسەرخستنی دەنگ و سەدای پیشمەرگە و هاوشانی هاوژین و کوڕ و براکانیان لە شۆڕش بەردەوام بووین. لە هەڵدانەوەی ئەو مێژووەش چەندەها ناسنامەی ونی دایکانت بەرچاودەکەوێت.

دایکە حەمدیە ئەبوبەکر ئەمین یەکێک بووە لەو ئافرەتە تێکۆشەر و خەباتگێرانە لە 1928 /1/7لە شاڕۆچکەی چەمچەماڵ لەدایکبووە هاوژینی فەتاح بەگە و خاوەنی چوار کوڕ و چوار کچ بوو. هاوژینەکەی ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان بووە و لە ریزی پۆلیس کاریکردووە کە دواتر تووشی نارەحەتی زۆر بوون لەو پێناوەدا. مەخابن لە تەمەنی 91ساڵیدا لە 2/5/ 2019دڵە گەورەکەی کە پڕبوو لە خۆشەویستی بۆ ڕێبازی پارتی و بارزانی لە لێدان دەکەوێت. لەمبارەوە ڕەفیق فەتاح بەگ کوڕی خوالێخۆشبوو دایکە حەمدیە ئەبوبەکر لە گێڕانەوەی بیرەوەری دایکی تیشکی خستەسەر ناسنامەی ونی و بەمشێوەیە بۆ خەبات بۆمان دوا.

ناسنامەی ونی دایکێکی خەباتگێڕ

ڕەفیق فەتاح کوڕی دایکە حەمدیە باسی لە هۆکاری گێڕانەوەکەی کرد لەم کاتەدا کە دایکی کۆچی دوایی کردووە و گوتی: ئێمەی بنەماڵە پێشتر میدیاکانمان ئاگادارکردبووە پێش کۆچی دوایی دایکمان و نەخۆشکەوتنی، بەڵام کەمتەرخەمیان نواند و دایکم بەشێکی زۆری یادگارییەکانی لەگەڵ خۆی ناشت. منیش لە ئەڵمانیا بووم کاتێک گەڕامەوە کارلەکار ترازابوو، دایک تەمەنی بەرەو هەڵچوون و نەخۆشی و بیرچوونەوە چووبوو، نەمانویست ئازاری بدەین، بۆیە ئێستا دەمەوێت ناسنامەی ونی دایکمان لە ڕێگەی نووسینگەی خەبات لە هۆڵەندا بگەیەنینە ڕۆژنامەکەتان کە هەمیشە خەمخۆڕی میژووی ڕاستەقینەی کوردایەتی و تۆمارکردنی بووین بۆ نەوەکانمان. بەڕاستی دەبووایە ئەو نەبەردیانەی کە پڕە لە تێکۆشان تۆماربکرابووایە، دایکم و باوکم هەموو گەنجییان بە شۆڕش، پێشمەرگە، پارتی و نیشتمان بەخشی، بەهۆی هەڵوێستی باوکم لە شارەکەی دوورخرایەوە و دەستبەسەرکرا لە ڕوتبە و ناسریە و دیوانیە، لەو شارانە لێپرسراوی ڕێکخستنی نهێنی پۆلیسی پارتی بووە، لە دووری باوکمان بۆ بژێوی ژیانمان دایکم ڕۆژانە شیرینی و شرووبی دروست دەکرد من و شاکری برام دەمانفرۆشت. باجی نیشتمانپەروەریمان بەمشێوە ژیانە سەخت بەرپکرد، کە دایکم بەشی شێری بەردەکەوت تەنها لە پێناوی بەردەوامی باوکم و خزمەتکردنی بە پارتی و کورد بوون.

11ی ئادار دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ ڕزگاربوونی باوکمان لە ئاوارەیی

ڕەفیق فەتاح کوڕی دایکە حەمدی هاتە سەرئەوەی لە دوای ئەو هەموو ناخۆشییە بڵێ باوکمان گەڕایەوە بۆ کوردستان و ناومان و گوتی: بەڵی لە دوای بەرگەگرتنی هەموو ئازارەکانی خۆمان و ئاوارەی باوکمان و کارکردنی بەردەوامی دایک و باوکم بۆ پارتی و ڕێکخستنەکانی و مژدەی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی 11ی ئادار دەرفەتێکی گەورەبوو بۆ ڕزگاربوونمان لە نائومێدی و سەختی ژیان و گەڕانەوەی باوکم بۆ هەولێر. لەساڵی 1971 باوکم و پێنج هەڤاڵی تر لە پۆلیسی هەولێر نێردران بۆ خولی لاسلکی بۆ کۆلێژی پۆلیس لە بەغدا، لەو خولەدا نازم گەزار سیناریۆیەکی دانا بۆ بێسەروشوێن کردنیان، نوری عزت ولی یان تیرۆرکرد تەرمەکەیان لە ڕێگای نێوان کەرکوک - بەغدا لە نزیک داقوق فڕێ دا، لەو سەردەمەدا شێخ ڕەزای بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و کامل چاوشین لە سلێمانی دوو پێکاب پۆلیس دەنێرن بە هانای باوکمەوە بۆ ئەوەی لە بازگەکانی ڕێتیم دەستگیر نەکرێن، بەڵام باوکم بە زەحمەتێک خۆی دەربازکرد و گەیشتەوە هەولێر.

دایکم دەیان نەبەردی پڕ لە مەترسی لەو ڕۆژانەدا تۆمارکردووە

ڕەفیق فەتاح کوڕی دایکە حەمدیە باسی خۆڕاگری دایکی دەگێڕایەوە لە هاندانی باوکی و بەردەوامی و گوتی: دایکم برازای حاجی فەرەجی قاسم ئاغایە، بنەماڵەکەمان بەدرێژایی میژوو خۆشەویستیان بۆ شۆڕش و مالباتی بارزانیی نەمر هەبووە و دایکم ئەم خۆشەویستیەی لەوانەوە وەرگرتووە و هاوژینەکەشی تەواوکاری بووە. دایکم ببووە ئافرەتێکی تێکۆشەری ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان نامە و بەیاننامە و چەک و وێنەی سەرۆک بارزانی لەم شارەوە دەگەیاندە ئەو شار و سڵی لە هیچ نەدەکردەوە. جارێکیان دایکم لە هەولێرەوە چوو بۆ گەلاڵە. شەکیب عەقراری لێپرسراوی پاراستنی پارتی ئەو سەفەرە دەمانچەیەک دەخاتە ناوجانتایەکی دایکم تاکو بیگەیەنێتە بەغدا، لە بازگەی دیانا ئینزیباتەکە ڕوودەکاتە نەفەرەکان و ئەپرسێ ئەم جانتایە هی کێ یە؟ دایکم دەڵێ هی منە، لەوکاتەدا ئینزیباتەکە جانتاکە دەکاتەوە پڕبووە لە پەڕۆی پاشەڕۆی ڕزگاری برام کە ئەوکاتە منداڵ بووە بۆنی جانتاکە تووشی هیستریای دەکات و بەو شێوەیە دەگەنە هەولێر. باوکم لەوێوە لەگەڵ دایکم پێکەوە دەچن بۆ بەغدا، دەگەنە (حدیقە امە) لە باب الشرجی مالّی (ڕۆکس)ی مەسیحی لەوێ دەیدۆزنەوەو ئەمانەتەکە تەسلیم دەکەن. دایکم دەیان نەبەردی پڕ لە مەترسی لەو ڕۆژانەدا تۆمارکردووە مالّەکەمان حەشارگەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو لەوانە: عزیز سورمێ ی هاوڕێی مەلا مستەفای بارزانی نەمر بوو، بەیانییەکی ساڵی 1968 ئەکرەم لەگەڵ جەلالی برای کە پێشمەرگە بوون لە لای فارس باوە لە لقی شەهید علی دیکتاروڤ لە دەرگای مالّی ئێمەی داو چەکێکی غەدارەی پێبوو سپاردی بە دایکم و پێی گووت بڕۆم بگەیەنە نزیک بانقی هەولێر. دایکم چەکەکەی خستە ژێرعەباکەی و دەستی منی گرت و خۆی گەیاندە نزیک بانقەکە و چەکەکەی دا بەدەست ئەکرەم و ئێمە گەڕاینەوە. نازانین دوای ئەوە چی ڕوویدا مالّی ئەبوجاسم پیاوێکی عەرەبی ڕەش تالّەی ڕوخسار کون کون بوو ژنەکەی کوردی خەڵکی ڕەواندوز بوو بە زمانی کوردی و عەرەبی دەدوان، بۆیە لەگەڕکدا پیان دەوتن (مالّە کورد وعەرەبەکە) ئەم ئەبو جاسم لێپرسراوی ئەوسای حەرس قەومییەکان بوو، لەگەڵ خەڵکی گەڕەک باش بوون هەر کاتێک ئەمنی هەولێر تەفتیشی گەڕەکیان بکردایە پێش ئەوە هەواڵەکەیان بە ئێمە دەگەیاند. جارێکیتر گەیاندنی چوار دمانچە بوو بۆ مووسڵ کە بەڕاستی زۆر مەترسیدار بوو. هەموو ئەمانە و زیاتریش کار و چالاکییەکانی دایکم بۆ شۆڕش و ڕێکخستنەکانی بوون و بەداخەوە زۆریشی بردە ژێر گڵ، ئەوەشی زانیمان لە گێڕانەوەی دایکمان و بەشداری خۆمان لە ڕووداوەکان بووە کە بە مێژووی کورد و پارتی دێموکراتی کوردستانی دەزانین لە خەباتی دایکێکی ناسنامە وون.

دایکم و باوکم گەورەترین سەرمایەن بۆ شانازیکردنمان لە کۆتایشدا ڕەفیق فەتاح کوڕی دایکە حەمدیە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی دایکی گوتی: تەنها سەروەرێک بە ئێمە بڕابێت شانازیکردنە بە خەبات و تێکۆشانی دایکم و باوکم. لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 ڕۆژێک نەژاد عزیز سورمێ ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی کاک مسعود بارزانی لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی لقی 4ی پارتی دێموکراتی کوردستان سەردانی دایکمیان کردو لە نزیکەوە هەواڵیان پرسی، نەژاد عزیز سورمێ ڕوویکردە لێپرسراوەکان و پێپڕاگەیاندن ئەم دایکە بەڕیزە کە ناوی حەمدیە خانە لەو ئافرەتە دێرینانەی پارتییە و خزمەتی کورد و پارتی کردووە. دایکم لەو ئافرەتە تێکۆشەرانە بوو، تا دوا چرکەی ژیانی خاوەن یەک سەرمایەبوو ئەویش خەرمانی لەبن نەهاتووی خەبات، ماندووبوون، هەڵوێست و شکۆمەندی، هەموو بیرەوەرییەکانی وەک ناسنامەی ئافرەتێکی ونی ئەم نیشتمانە، وەک حەسرەتی دواهەناسەی شەهیدەکان بەخاک سپارد. بە هیوام لە ڕێگەی ئەم سەکۆ بڵندەی ڕۆژنامەی خەبات کە 60 ساڵی لە تێکۆشان و نووسین و بڵاوکردنەوە تێپەڕاند لە تۆمارگەی نەمران و سەروەران و ڕووداوەکان زیاتر بچنە نێو خەڵک و هەڵدانەوەی لاپەڕە ون و تاریکەکانی میژوو.





خواردنەوەی (چا) و خانمانی شیردەر
دکتۆرە دیمەن: ئافرەتی شیردەر نابێت ڕۆژی لە دوو چا زیاتر بخواتەوە

ئا/ وریشە عومەر

چا یەکێکە لە خواردنەوە باوەکانی کومەڵگای کوردی کە دەگمەنە ڕۆژانە نەخوڕێتەوە. دەربارەی ئەوەی کە ئایا چا بۆ ئافرەتی شیردەر زیانی هەیە، پرسیرەمان لە دکتۆرە دیمەن پسپۆڕی ئافرەتان و منداڵبوون کرد و بەڕێزیان گوتی: ژۆر خواردنەوەی چا لە خانمانی شیردەر کۆمەڵێک زیانی هەیە بۆ منالّەکەی و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک نیشانە کە گرنگترینیان ئەمانەن: گرژبوونی گەدە و پێچی ناو سک و کۆلیک و غازات و زیادبوونی لێدانی دڵی منداڵەکە و تێکچوونی خەو و کەمخەوی و شەونخوونی و هەروەها زۆر کێشەی دیکەی بۆ دروست دەبێت.

× هەر لە دکتۆرەمان پرسی باشە ئافرەتی شیردەر هەرنابێت چا بخواتەوە یان ڕێژەکەی کەمتر بکاتەوە؟

- گوتی: بەڵێ دەتوانێت بیخواتەوە، بەڵام بڕی ڕێگە پێدراو بۆ خانمی شیردەر بریتییە لە یەک کوپ بۆ دوو کوپ ڕۆژانە و نابێت زیاتر بخورێتەوە کە باشترە تەنها بەیانیان بخورێتەوە. پێویستە دوای پێدانی شیر بە منداڵ بخورێتەوە و پێویستە چای خەست نەبێت و بە ڕوونی بخورێتەوە و کاتێک ئەو نیشانانەی سەرەوە لە منداڵەکەی دەرکەوت دەبێت واز لە خواردنەوەی چا بهێنێت.

چۆنیەتی پاککردنەوەی جامی پەنجەرە

ئافرەتانی کابان باش دەزانن هەر چەندە خۆ بە خاوێنکردنەوەی مالّەوە سەرقاڵ بکەن تا ئەو کاتەی جام و پەنجەرەکان خاوێن نەبن هیچ شەوق و ڕەونقێک ناکەوێتە مالّەوە، بەڵام بریسکانەوەی مالّەوە پاش ماندووبوونێکی باش کابان دەحەسێنێتەوە. ئێستا چەند پێشنیارێک بۆ پاککردنەوەی جامی مالّەوە:

- دەتوانن یارمەتی لە کاغەز وەربگرن: یەکەم ڕێگە کە لە کەونەوە بەکارهاتووە، بەکارهێنانی کاغەز بووە لە بڕی قوماش و دەسرە. بە هۆی هەڵمژینی پاککەرەوەکان ئێوە دەتوانن بە یارمەتی کاغەز خاوێنییەکی باشتان دەسکەوێت.

- گیراوەی دەسکرد لە بڕی مادە کیمیاییەکانی دەرەوە: بەکارهێنانی گیراوەی دەسکردی خۆتان لە بڕی گیراوە ئامادەکانی بازار، دەتوانێت بژاردەیەکی سەرکەووتووتر بێت. بۆ ئەم کارە دەتوانن لە تێکەڵەیەکی یەکسانی ئاو و سرکە (خەل) بۆ بریسکەدارکردنی جامەکان کەڵک وەربگرن. سرکەی سپی لە سرکەی سوور زۆر باشترە. گیراوەی زاهی قاپان کە بە ئاو شل کراوەتەوە بژاردەیەکی تر کە بۆ پاککردنەوەی جام و بریسکەدار کردنی زۆر کاریگەرە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە دەبێت بە باشی جامەکە لە ئاو بسڕنەوە و بە تەواوەتی وشک بکەنەوە تا پەڵە بەسەر جامەکەوە دیار نەبێت.

- لە قوماشی بێ کۆڵک سوودوەربگرن: هەڵبژاردنی دەسرەسڕی شیاو دەتوانێت لەو کارە یارمەتیدەر بێت. هەندێ لە جۆری قوماش کۆڵکە و پاشماوە لەسەر جامەکان جێدەهێڵێت کە بۆ ئەم کارە نەگەونجاوە و دەبێت سەرنجی جۆری قەماش بدرێت تا ماندووبوونتان بەفیڕۆ نەچێت.



گرنگترین نیشانەکانی نەبیستی لە منداڵاندا

ئا/ لەیلا سلێمان:

پسپۆڕانی بیستن لەو باوەڕەدان ئەگەر منداڵێک لە تەمەنی یەک ساڵی یەکەم وشەکانی بابە و دایە نەڵێت یان بە بیستنی دەنگ ئاوڕ نەداتەوە دەبێت هەرچی زووە پشکنینی بیستنی بۆ بکرێت. پسپۆڕان لەو باوەڕەدان هەر کۆرپەیەک کە لە دایک دەبێت پێش دەرچوونی لە خەستەخانە پێویستە پشکنینی بیستنی بۆ بکرێت و ئەگەر لەو خەستەخانەیەی کە کۆرپە لە دایک بوو ئەو ئیمکانیاتە نەبوو، ڕاسپاردەیان ئەوەیە لە یەکەم دەرفەت دایک و باوک منداڵەکەیان ببەنە سەنتەرەکانی پەیوەست بەو پشکنینە تا دڵنیا ببنەوە. لە لایەکیتر بنەماڵەکان ڕادەسپێرن هەر کات هەستیان کرد منداڵ لە ڕووی قسەکردنەوە دەرەنگ کەوتووە یەکەم هۆکاری کە بۆی دەچن دەبێت سیستەمی بیستن بێت و ئەوە یەکەم نیشانەی ئاگەدارکردنەوەیە.

گەر منداڵێک لە شەش مانگی گاڵ و گفی نەکرد و لە تەمەنی یەک ساڵی توانای وتنی بابە و دایەی نەبوو و کاردانەوەی بەرامبەر دەنگەکان نەبوو دەبێت هەر زوو سەردانی پزیشک بکەن. ڕەنگە زۆر لە پزیشکان لەو بارەوە ڕایان ئەوە بێت تۆزێک سەبر بگرن، بەڵام تا زووتر سەردانی پزیشک بکەن باشترە. ئەو پسپۆڕانە دەڵێن کەم بیستن و لاوازی لە بیستن چارەسەر ناکرێت، بەڵام ڕێچارەی دیکە هەیە ئەویش بەکارهێنانی سەمعەکە و پێویستە هەموو منداڵانی کەم بیست هەرچی زووە ئەو ئامێرە بەکاربێنن. ئەو پزیشکانە لەو ڕوایەدان ئەگەر کێشەی کەم بیستی زوو هەستی پێبکرێت و منداڵەکە سەمعەک بەکار بێنێت و سەردانی پزیشک و سەنتەری تایبەت بکات ئەوا دەتوانێت لە تەمەنی 5 ساڵی وەک هاوتەمەنەکانی خۆی بێت. وێڕای ئەوەی کە هەموو منداڵێکی نەبیست دەتوانن وەک کەسێکی ئاسایی قسە بکات و تەنیا کات گرنگە. قۆناغی دووهەمی پشکنین دەبێت لە تەمەنی 3 تا 5 ساڵان بێت و قۆناغەکەی تر دەبێت بەر لە چوونی بۆ قوتابخانە ئەنجام بدرێت و لە کاتی قوتابخانە هەر کات بنەماڵە یان مامۆستا هەستیان بە کەم سەرنجی و تێنەگەیشتنی منداڵەکە کرد باشترە هەر زوو پشکنینی بیستنی بۆ بکرێت.

هەڵبەت پسپۆڕانی بیستن ئاماژەبەوەدەدەن کە: کەم بیستنی گوازراوەمان هەیە کە زوو تێدەپەڕێت.

وون بوون

نووسراوی گومرگی: ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای احمد خورشید احمد مەنتک جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس شاصی تک ویل تک قارە رەنگی کەسک مۆدێل ٢٠١٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ١٧٢٧٩ کاتی دھوک ژمارە لاشە شاصی: WDB٩٧٠٢٢٥١L٤٥٩١٥٨ وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة کاتب عدل زاخو

العدد: ٢٠٠

التاريخ: ٢٠١٩/٧/٢٢

اعلان

الى المنذر اليه/ زاهده نعمت شاهين

بناء على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة ٣٨٢/انذار/٢٠١٩ المؤرخ فى ٢٠١٩/٧/١٦ و المتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقارى فى زاخو صباح يوم ٢٠١٩/٨/١٨ ولحين انتهاء الدوام الرسمى لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم ٢٧٢/٤ مقاطعة ١١ اشكفت مارا و المشتراة من قبل المنذر (سالم خلف سيسو) و لمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء بأشعار مختار المحلة و كتاب مركز شرطة دلال /٣١٧٠ المؤرخ فى ٢٠١٩/٧/٢١ تقرر نشر تبليغكم فى صحيفتين يوميتين.

كاتب عدل زاخو/ سوسن غازى عبدالامير

***

مديرية العامة للدوائر العدلية

دائرة كاتب عدل زاخو

العدد /١٩٨

التاريخ/ ٢٠١٩/٧/٢٢

اعلان

الى المنذر اليهم / ١/ شوكت كوركيس خوشو ٢/ خالد كوركيس خوشو ٣/ جودت كوركيس خوشو ٤/نوزت كوركيس خوشو ٥/ عماد كوركيس خوشو ٦/ خالدة كوركيس خوشو ٧/ نارين كوركيس خوشو بناءا على الانذار المسير اليكم بموجب اضبارة الانذار المرقمة (٣٨٦/انذار/٢٠١٩)المورخ في ٢٠١٩/٧/١٨ والمتضمن المطالبة بحضوركم امام ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو صباح يوم ٢٠١٩/٨/٨ ولحين انتهاء الدوام الرسمي لغرض اتمام معاملة بيع العقار المرقم (٥٨/ ٥٨) مقاطعة نصارى والمشتراة من قبل المنذر (وليد كوركيس خوشو) ولمجهولية محل اقامتكم حسبما جاء باشعار مختار المحلة وكتاب مركز شرطة زاخو /٢١١٥ المورخ في ٢٠١٩/٧/٢٢ تقرر نشر تبليغكم في صحيفتين يوميتين .

كاتبة عدل زاخو

سوسن غازي عبدالامير

***

محكمة تحقيق الشيال

اعلان

الى المفقود : سعدون هبو خلف

قدمت السيده / ساري بركات رشو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

دادگای باری کەسیەتی کۆیە

ژمارە/ ١٧١/ش/٢٠١٩

رێکەوت ٢٠١٩/٧/١٠

ئاگانامە

بۆ/ داوالێکراو (فؤاد احمد داود) دانیشتوی شاری کۆیە- گەڕەکی گردی بەڵم ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە

داوالێکراو باوکت(احمد داود علی) داوای ژمارە(١٧١/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمار کردووە تیایدا داوای بژێوی رابردوو و بەردەوامی خۆی دەکات(النفقة الماضية و المستمرة) ئەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی رووکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لەم دادگایە و پشتگیری ئەنجومەنی شارەوانی کۆیە، وەپشت بەستن بەمادەی(٢١) لەیاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەڕۆکی ئەم داوایە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لەدوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆ ئەوەی لەوادەی دادبینی رێکەوتی (٢٠١٩/٨/١١) لەم دادگایە ئامادەبێت خۆت یان بریکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ شوان صابر اسعد

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەر تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی عینکاوە

جاردانی داواکاری سەر لەنوێ

تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٧ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٤٣٤) گەرەک (عەنکاوە) بەناوی عیسی تومایوما کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەک خاوەنی وە بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالّی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکارییەکەی بڵاوبکرێتەوە جا هەرکەسێک پەیوەندی هەبێ یان مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

دلێر فتح الله شفيق

تێبینەری تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەر تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی عینکاوە

جاردانی داواکاری سەر لەنوێ

تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکاریەی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٧ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٤٣٤) گەرەک (عەنکاوە) بەناوی غریبە یلدە تومایوما کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەک خاوەنی وە بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالّی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکارییەکەی بڵاوبکرێتەوە جا هەرکەسێک پەیوەندی هەبێ یان مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

دلێر فتح الله شفيق

تێبینەری تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

***

زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

کۆلێژی پەروەردە

خۆیەتی

ژمارە: ٢/٢/ج/٦٥٤

رێکەوتی: ٢٠١٩/٤/٢٢

بۆ/ بەڕێز (م. عبدالله محمد عبدالرحمن)

بەناونیشانی (ماموّستای یاریدەدەر) لەبەشی (بایۆلۆجی)

ئاگادارکردنەوە

لەبەر دابرانت لەکار لەرێکەوتی ٢٠١٨/١٢/١٧ تاکو ئێستا بەبێ هۆ ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین کە بگەڕێتەوە سەرکارەکەت بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی عێراقدا بی وە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دەرەوەی عێراقدابی و بەپێی برگەی (٤) لەبەندی (٣٧) یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٧) لە ساڵی ١٩٦٠ ڕاستکراوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنن.

پ.ی.د. سعيد عمر ابراهيم

راگری کۆلێژی بەوەکالەت

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:١٨٢٥/ش٢٠١٩/٥

رێکەوت:٢٠١٩/٧/٢٢

جاردان

بۆ داوالێکراو (سيف عمران موسى) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (١٨٢٥/ش٢٠١٩/٥) بڕیاریدا بە (جیابوونەوە) بۆ تۆ و داواکار (شیرین عدنان بشار) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٦) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهيم اسماعيل/ سەرۆکی لیژنە

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی

دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٨٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (خدر حمدامين احمد) میراتگری (حمدامين احمد عبدالله) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (حمدامين جبرائيل عبدالله) بۆ (حمدامين احمد عبدالله) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٧٢) کەرتی ٤/کۆڕی, کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێک بۆ هەڵستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگاداریەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهيم اسماعيل/ سەرۆکی لیژنە

***

ئیشعاری موختاری هەولێر / عنکاوە/

گەرەکی مارعودا بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصيف

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی

دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٩٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (محمد وسمان اومر) کوری (وسمان اومر سليمان) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (عثمان عمر سليمان) بۆ (وسمان اومر سليمان) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١٣٣ ، ٤٨) کەرتی ٧٩/گراو شرقیە و پارچە زەوی ژمارە (٣٢) کەرتی ١٧/ گراو شالیە و پارچە زەوی ژمارە (٦٣) کەرتی ٨٠/ گراو غربیە، کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە /١٩/خ/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٣

ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا ماڤی سوودوەرگرتنی (حق المنفعه) ل گریبەستا بەرخوریێ (عقد المساطحة) لسەرمولکی ژمارە (١ / ٧٠١٨) کەرتێ ١١ سیمل) یا قەرزدار(حکمت عبد رشید) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت د ماوێ (٣٠) سیە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ و دڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی ، بوزانین بهایی هاتیە دانان بو (٧) حەفت سال و(٣) سی هەیڤ دبیتە (٢٣٩,٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و سیە و نەە مەلیون ودوو سەد پێنجی هزار دیناری عیراقی دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی و دەلالیێ لسەر بکری نە .

جێ بە جێ کاری داد/ ریبر سلمان خالد

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (STO-NOR) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (APPETITE) بۆ بازرگانی کەرەستەی خۆراك و گۆشت/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٣٣٧٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (APPETITE) بۆ بازرگانی کەرەستەی خۆراك و گۆشت/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (APPETITE) بۆ بازرگانی کەرەستەی خۆراك و گۆشت/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٢٢) کە تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سیروان اسعد سعید) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٢٢

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٣٥٧٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٣

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (STO-NOR) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (STO-NOR) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٧/٢) کە تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سامان حسن یونس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٢٣

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (مصعب ارزی) بۆ (بازرگانی گشتی - هاورده وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / حسین علی محمد

ناڤ ونیشان / زاخو - بیدار

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٦٧٩٩٧٧

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (حسار) بۆ (وەبەرهێنانی خانوبەر / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / هڤال احمد علی

ناڤ ونیشان / دهوك - حوشکی ناورو ستی

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧١٤٠٩

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٢٣ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٣ / ٧ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو: صلاح عمر مراد
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٤٢٣ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٧/٩) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (هلز هیشار حسن) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوێ یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
ئاگادارى
ئەنجومەنى باڵاى کاروبارى خانمان لە حکومەتى هەرێمى کوردستان، بەمەبەستى دروستکردنى وێبسایت، داوا لە کۆمپانیاکانى ناوەو دەرەوەى هەرێم دەکات، کە لە بوارى (I.T) کاردەکەن، دەتوانن داواکارى پێشکەش بکەن بۆ دروستکردنى وێبسایتى ئەنجومەنى باڵاى کاروبارى خانمان.
دوا کات بۆ وەرگرتنى داواکارییەکان رۆژى ٢٠١٩/٧/٣١
لە رێگەى ئیمەیلەوە داواکارییەکان وەردەگیرێت: women.krg@gmail.com
* * *
دادگاى بەرایى هەولێر/٤
ژمارە/ ١٣٨٩/ ب٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (احمد جلالدین مصطفى)
داواکار (عەار حیدر صالح) داواى ژمارە ١٣٨٩/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە نەدانى کرێى تەموز + اب + ایلول + تشرین الاول + تشرین الثانى + کانون الاول سالّى ٢٠١٧ و سالى ٢٠١٨ و ٢٠١٩ کە کۆى گشتى بەرى (٢٥,٣٠٠) دۆلارى امریکى وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى اشعارى موختارى هەولێر/ ایتالى ٢) لە ٢٠١٩/٧/١٠ بۆیە ئەم دادگایە بریارى دا بە پێراگەیاندنت لەرێگاى دوو رۆژنامەى رۆژانەى ناوخۆیى بەمەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژى دادبینى (٢٠١٩/٨/٢١) کات (٩)ى بەیانى بەپێچەوانەوە دادبینى بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله
* * *
دادگاى بارى کەسى هەولێر
ژمارە:٣٩/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنى ئۆتۆمبێلى ژمارە (٣٨٨٦٦/هەولێر) جۆرى (تویتا صالون کرۆلا) مۆدیل (٢٠١٤) رەنگى (تبنى) کە بەناوى خوالێخۆشبوو (غفور گول حسن) لە رۆژى (٢٠١٩/٨/٧) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشدارى کرینى بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنى دیارى کراو وە پارەى یاسایى (١٠٪) لەگەڵ خۆى بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخى: (١٤,٠٠٠,٠٠٠) چوارده ملیۆن دینار).
دادوەرى یەکەم / دیار محمد علی
* * *
دادگاى تاوانەکانى سلێمانى/٣
ژمارە: ٢٣٣/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٧
بۆ/ تۆمەتبارى راکردوو: میران کاوه سعید
ئاگادارى
لەبەر ئەوەى نێردراوى بۆ ئەوەى دادگایى بکرێیت بەپێى مادەى (٤٠٥) لەیاساى سزادان لەو کێشەیەى کە تایبەتە بەبنکەى پۆلیسى (ئازادى) وە لەبەر ئەوەى جێگەى دیارى کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژى ٢٠١٩/١١/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەى پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێى یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *
دادگاى بارى کەسێتى سلێمانى/٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٢
ئاگادارکردنەوە
بۆ هاوولّاتى (راستى نورى خدر) ئامادەبێت لەم دادگایە لەماوەى (٧) حەوت رۆژ بەمەبەستى سەرپەرشتیارى منداڵەکەت بەناوى (لاوى و لاندى راستى نورى) وە ئەگەر ئامادە نەبێت ئەوا دایکى منداڵەکە بەناوى (شەنگ عباس عبدالرزاق) دەکەینە سەرپەرشتیارى منداڵەکە.
دادوەرى یەکەم/ د. سردار علی عزیز
* * *
دادگاى بارى کەسێتى سلێمانى/٢
ژمارە: ٣٥٢٥/ش/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥
ئاگانامە
داواکار/ بهار حمەصالح حمەامین ناونیشان: سەرشەقام
داوالەسەرکراو/ فریدون حسن حمەامین
داواکار (بهار حمەصالح حمەامین) داوایەکى بەژمارە ٣٥٢٥/ش/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریارى لاى خۆى دەرکرد لەبەرواری ٢٠١٩/٦/١٧ بریاریدا بە (جیابوونەوەیان بەهۆکارى جێهێشتن) وە لەبەر نادیارى شوێنى نیشتەجێبوونت دادگا بریارى دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆى دوو رۆژنامەى ناوخۆى رۆژانەوە ئەگەر لەماوەى یاساییدا هەڵنەستیت بەتانەلێدانى پیاچوونەوەى بریارەکە ئەو بریارە پلەى کۆتایى وەردەگرێت بەپێى یاسا.
دادوەر/ د. طه عمر رشید
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤١٧/ج/٢٠١٩
رێکەفتى: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ دلخاز علی سلیمان
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤١٧/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا زاخو ب هژمار ٢٠١٨/٩٨ ل سەر مادده ٢٨٩ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٢٧/ج/٢٠١٩
رێکەفتى: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ بشار یونس عبدالرحمن
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٢٧/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب هژمار ٢٠١٨/٩٢ ل سەر مادده ٢٨٩ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٢٨/ج/٢٠١٩
رێکەفتى: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ وارشین صادق محمد خلیل
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٢٨/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب هژمار ٢٠١٨/١٨٤ ل سەر مادده ٢٨١ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤٢٩/ج/٢٠١٩
رێکەفتى: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ شاهین تمر محمد
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٢٩/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب هژمار ٢٠١٨/١٤٦ ل سەر مادده ٤٠٦ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
دادگەها تاوانێن دهوکێ/٢
ژمارە: ٤١١/ج/٢٠١٩
رێکەفتى: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگەهدارى
بۆ/ تومەتبارێ رەڤى/ بشار یونس عبدالرحمن
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤١١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابور ب هژمار ٢٠١٨/١٨٤ ل سەر مادده ٢٨١ ژ یاسا سزا, ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویى دا ئامادەبى بەرامبەرى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە و بەروڤاژى ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/دوو
* * *
محکمة بداءة السلیمانیة/٤
العدد: ١٣٨٥/ب/٢٠١٨
التاریخ: ٢٠١٩/٧/٢١
ئاگادارى
داواکار/ رسول نوری محمد
داوالەسەرکراوان/ بەڕێوەبەرى رێگەپێدراوى کۆمپانیاى (کەى ئۆیل هولدینگز)/ سەرەڕاى کارەکەى
داواکار لەم دادگایە داوایەکى لەسەرتان تۆمارکردووە بەژمارە ١٣٨٥/ب/٢٠١٨ وە دادگا لە بەرواری ٢٠١٩/٧/١ بریارێکى دەرکرد بە نائامادەیى بەرانبەرتان (غیابى) ئەویش بە (ئەم دادگایە بریارى حوکمى دەرکرد بەهەڵوەشاندنەوەى گرێبەستى فرۆشتنى کۆمپانیاى کورد ئۆیل و تۆمارکردنى بەناوى کۆمپانیاى کەى ئۆیل هولدینگز وە پشکەکانى کۆمپانیاى کورد ئۆیل وەك خۆى تۆمار دەبێتەوە سەرجەم تێچووەکانى داواکە دەکەوێتە ئەستۆى داوالەسەرکراو بەئەرکانەى پارێزەریتى بریکارى داواکارانەوە بەبرى ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن دینار وە ئەم حوکمە هەڵپەسێدراوە لەسەر پێنووسین و نکۆڵى لە سوێند خواردن لەکاتى تانەدان لە بریارەکە. لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێى واژۆ و مۆرى موختارى گەرەکى (رزگارى) بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگەى دوو رۆژنامەى رۆژانەى نێوخۆیى جیاوازەوە بەمەبەستى ئاگادارکردنتان بە بریارى ئەم دادگایە وە مافى تانەدانت هەیە لەم بڕیارە لە ماوەى یاسایى دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەى کۆتایى وەردەگرێت بەرانبەرت بەپێى یاسا.
دادوەر/ سۆران ابراهیم عارف
* * *
دادگاى بارێ کەسایەتى ل دهوك
ژمارە/ ٨١٧/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/١٨
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهدارى
بۆ داوالێکراو (ولید خالد محمد) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتى ٢٠١٩/٧/١٨ ێ دکێشا ل سەرى دیارکرى دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (بیان حسین صالح) بریاردا ب (تفریق للهجر) دنافبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار دا وتە مافى نەرازیبوونێ یێ هەى دماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژى وێ دێ فەرمانا ل سەرى دیارکرى ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگاى بارێ کەسایەتى ل دهوك
ژمارە/ ٦٥٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٢١
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهدارى
بۆ داوالێکرى (هوار سلیمان سعید) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتى ٢٠١٩/٧/٨ ێ دکێشا ل سەرى دیارکرى دا ئەوا هاتیە تومارکرن ژ لایێ داواکار (ڤیان اسماعیل عبدالله) بریاردا ب (تفریق للضرر) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار دا وتە مافى نەرازیبوونێ یێ هەى دماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژى وێ دێ فەرمانا ل سەرى دیارکرى ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر /مروان عادل اسماعیل
* * *
دادگەها بارى کەسایەتى ل سێمێلێ
ژمارە/ ٥٠/م/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/١٨
ئاگەهدارى
بۆ داوالیکەراو (فادیه فاضل عمر) جهى ئاکنجى بوونێ نەدیارە داواکار (نامق ابراهیم سمیر) رابویە ب داوا شەرعى ئەوا ژمارە وى ل سەرى دیارکرى ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت سەلماندنا تەلاقا دەرەکى (تصدیق طلاق خارجى) دنافبەرا تە وێدا ل ٢٠١٩/٤/١ وژبەر کو جهێ ئاکنجى بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگادارىا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها شاریا گوندى کرییان یا کەڤن لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەییىن روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤى دادگەهى ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٨/٤ ول بەروڤاژى ڤى جەندى دادبینى ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیى وئاشکرایێ هێتە کرن
دادوەر / قیصر صائب صلاح
* * *

Crescent Petroleum

Job Description

Functional Job Title	Social Engagement Officer
Department	Operations / Social Performance
Reports to	Social Performance Field Supervisor
Location	Chamchamal
Document Ref	SEO/CSR/JULY/19

Job Summary and Scope

Reporting to the Social Performance Field Supervisor, the Social Engagement Officer plays a key role in the day to day execution of the Operator's stakeholder engagement and consultation activities. This includes establishing and building harmonious and mutually beneficial relationships between the Operator, key stakeholders and communities in the area of operation by acting as an interface between the Operator and local stakeholders.

The position is responsible for working in cooperation with local stakeholders to communicate project related information, consult on social issues and impacts, act as liaison for community grievances and provide field support to execute social investment initiatives.

The position works in close cooperation with key internal functions including Drilling, Operations, HSE, Asset Protection, Human Resources and Supply Chain Management to ensure the effective day to day management of social performance issues.

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

Stakeholder Engagement, Consultation & Grievance Management

- Build and maintain strong working relationships with key stakeholders in the operations / project areas including (but not limited to) MNR, local authorities and leadership and communities.
- Monitor the interactions between contractors / sub-contractors, locally employed persons and local communities and report any impropriety or concerns to Social Performance management.
- Submit daily activity reports to the line manager.
- Ensure stakeholder concerns, grievances and issues are captured, resolved and reported in accordance with the Operator's Grievance Management Procedure.
- Provide stakeholder feedback and insight and advise the Social Performance Field Supervisor on external developments, trends and issues which may impact operators or future project activities.
- Undertake community engagement and consultation to educate the local stakeholders on operational activities as appropriate.
- Represent the Operator at local engagements which require social performance input / knowledge.

Social Impact Management

- Support the execution of social impact management plans in accordance with Social Performance Management System (SPMS) requirements. Where a contractor holds responsibility, support contractor monitoring activities as requested.
- Provide social performance support to all site-based construction activities (early works, civils, workforce accommodation, associated facilities) as required to manage any social impacts (positive or negative).
- Contribute to site baseline mapping, risk assessments and management planning as required.
- Support other Operator initiatives (environmental awareness, local content etc) which contribute to social performance management as required.

Social Investment

Crescent Petroleum

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

- Based on community feedback acquired during engagement and consultation activities, provide inputs into potential social investment initiatives for consideration.
- Support the execution of the Operator's social investment programme, as required.
- Identify and secure required necessary clearances for execution of the agreed social investment initiatives as requested.

Other responsibilities

- Ensure all required reports are completed in an accurate and timely manner.
- Play a key role in the proactive management of site-based project issues, as requested.

Required Knowledge, Skills and Attributes:	
Education	▪ College Graduate; or potential experience in similar role.
Experience & Skills	▪ 2 – 3 years relevant past experience in similar job preferably in the extractives industry. ▪ Good computer skills (Microsoft Office). ▪ Good organisational and problem-solving skills. ▪ Excellent verbal and written communication skills. ▪ Good negotiation, conflict management and strong listening skills. ▪ Ability to effectively Chair large community meetings.
Language	▪ Native Kurdish - fluent in reading, writing and speaking. ▪ Good understanding of written and spoken English & Arabic.
Certificates / Licenses	▪ Any certificate putting value to the position.
Behaviours	▪ Awareness and sensitivity to diverse views and opinions. ▪ Demonstrates a high level of personal integrity. ▪ Establishes priorities and works with minimal direction. ▪ Collaborative. ▪ Participates in proactive team efforts to achieve departmental goals. ▪ Self-motivated and uses initiative and judgment to attain the best results. ▪ Demonstrates a personal commitment to health, safety and responsible environmental management.
Unique requirements of the job	▪ Similar social performance experience in rural areas. ▪ Understanding of local community practices and knowledge of local culture/history.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 6 August 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is: Social Engagement Officer, Ref: SEO/CSR/JULY/19)

Crescent Petroleum

Job Description

Functional Job Title	Social Performance Field Supervisor
Department	Operations / Social Performance
Reports to	Social Performance Field Manager
Location	Khormor / Qadir Karam/ Chamchamal
Document Ref	SPFS/CSR/JULY/19

Job Summary and Scope

Reporting to the Social Performance Field Manager, the Social Performance Field Supervisor plays a key role in the day to day execution of the Operator's Social Performance Plan. This includes establishing and building harmonious and mutually beneficial relationships between the Operator, key stakeholders and communities in the area of operation by acting as the key interface between the Operator and local stakeholders.

The position is responsible for managing field-based community disclosure, engagement and consultation activities within the social Area of Influence. This also includes working with key stakeholders to identify local community requirements, managing the community grievance process and providing field support in executing social investment initiatives as required.

The position works in close cooperation with key internal functions including Drilling, Operations, HSE, Asset Protection, Human Resources and Supply Chain Management to ensure the effective day to day management of social performance issues. It oversees a team of Social Engagement Officers tasked with day to day liaison activities.

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

Stakeholder Engagement, Consultation & Grievance Management

- Build and maintain strong working relationships with key stakeholders in the operations / project areas including (but not limited to) MNR, local authorities and leadership, NGOs / CSOs, religious institutions and cultural bodies etc.
- Ensure stakeholder concerns, grievances and issues are captured, resolved and reported in accordance with the Operator's Grievance Management Procedure.
- Provide stakeholder feedback and insight and advise the Operator on external developments, trends and issues which may impact operators or future project activities.

Crescent Petroleum

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

- Proactively manage the training and development requirements of staff in accordance with agreed individual development plans.

Required Knowledge, Skills and Attributes:

Education	▪ College Graduate; or potential experience in similar role.
Experience & Skills	▪ 2 – 3 years relevant past experience in similar job preferably in the extractives industry. ▪ Good computer skills (Microsoft Office). ▪ Good organisational and problem-solving skills. ▪ Excellent verbal and written communication skills. ▪ Good negotiation, conflict management and strong listening skills. ▪ Ability to effectively Chair large community meetings.
Language	▪ Native Kurdish - fluent in reading, writing and speaking. ▪ Good understanding of written and spoken English & Arabic.
Certificates / Licenses	▪ Any certificate putting value to the position.
Behaviours	▪ Awareness and sensitivity to diverse views and opinions. ▪ Demonstrates a high level of personal integrity. ▪ Establishes priorities and works with minimal direction. ▪ Collaborative. ▪ Participates in proactive team efforts to achieve departmental goals. ▪ Self-motivated and uses initiative and judgment to attain the best results. ▪ Demonstrates a personal commitment to health, safety and responsible environmental management.
Unique requirements of the job	▪ Similar social performance experience in rural areas. ▪ Understanding of local community practices and knowledge of local culture/history.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 6 August 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.

2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is: Social Performance Field Supervisor, Ref: SPFS/CSR/JULY/19)

Crescent Petroleum

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

- Undertake community engagement and consultation to educate the local stakeholders on operational activities as appropriate.
- Work closely with communications / external affairs to ensure all supporting communications collateral is culturally appropriate, easily understood and produced in a timely fashion.
- Represent the Operator at local engagements which require social performance input / knowledge.

Social Impact Management

- Support the execution of social impact management plans in accordance with Social Performance Management System (SPMS) requirements. Where a contractor holds responsibility, oversee implementation – actively monitoring and evaluating performance.
- Provide social performance support to all site-based construction activities (early works, civils, workforce accommodation, associated facilities) as required to manage any social impacts (positive or negative).
- Contribute to site baseline mapping, risk assessments and management planning as required.
- Support other Operator initiatives (environmental awareness, local content etc) which contribute to social performance management as required.
- In cooperation with the contract owners, specifically those contracts which require regular interaction with local stakeholders, monitor their activities to ensure social performance compliance.
- Deliver a workforce social performance induction programme.

Social Investment

- Support the execution of the Operator's social investment programme, as required.
- Identify and secure required necessary clearances for execution of the agreed social investment initiatives.

Supervisory responsibilities

- Work closely with Social Performance Field Manager to prepare appropriate budgets in order to ensure necessary resources will be allocated for execution.
- Ensure all required reports are completed in an accurate and timely manner.
- Oversee a team of social engagement officers as required to deliver the team's key objectives.
- Ensure effective communications between the site-based teams and the functional social performance team.
- Participate in project social performance audits / reviews (internal and external) as required.
- Play a key role in the proactive management of site-based project issues, as requested.

DNO EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتووە :

Job Title	Commercial and Local Business Manager
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

- Provide support for all Kurdistan PSC related commercial matters (government, partners, corporate and other operators)
- Responsible for hydrocarbon accounting activities required to meet PSC reporting and audit requirements.
- Focal point for all commercial activities related to purchase, sales, valuation, export, storage and transportation of crude, diluent, etc. in country
- Management of services provided to/by other operators and third parties including negotiation and administration of contracts related to export, storage and transportation of crude & diluent
- Carryout operational economic and commercial analysis and provide support to the corporate economics team for the economic evaluation of development projects and Annual Statement of Reserves (ASR) reporting
- Research and reporting on regional O&G activity and build relationships CMs of other operators and industry stakeholders active in Kurdistan

Local Business-related responsibilities

- Focal point to advance the program for the development of local companies in conjunction with BU's SCM Manager, including interactions between local companies, MNR and local authorities
- Review key SCM papers on contract strategies, technical evaluations and award prepared for MNR approval, with specific focus on enhancing development & utilization of local companies and implications for both DNO operations and local communities.

Required Qualifications and Experience

- University degree qualified in a science, engineering or business subject.
- At least 5 years of relevant experience in commercial roles in the oil and gas industry.
- Prior experience working with PSCs is essential.
- Prior experience in engineering would be an advantage.
- Strong knowledge and understanding of oil field activities and operations.
- Experience working as an expat, ideally with previous roles in the Middle East.
- Strong English language skills.
- Effective knowledge and understanding of Project Management processes.
- Strong Excel and PowerPoint skills.

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

Crescent Petroleum

Job Description

Functional Job Title	Social Performance Field Supervisor
Department	Operations / Social Performance
Reports to	Social Performance Field Manager
Location	Chamchamal
Document Ref	SPFS/CSR/JULY/19

Job Summary and Scope

Reporting to the Social Performance Field Manager, the Social Performance Field Supervisor plays a key role in the day to day execution of the Operator's Social Performance Plan. This includes establishing and building harmonious and mutually beneficial relationships between the Operator, key stakeholders and communities in the area of operation by acting as the key interface between the Operator and local stakeholders.

The position is responsible for managing field-based community disclosure, engagement and consultation activities within the social Area of Influence. This also includes working with key stakeholders to identify local community requirements, managing the community grievance process and providing field support in executing social investment initiatives as required.

The position works in close cooperation with key internal functions including Drilling, Operations, HSE, Asset Protection, Human Resources and Supply Chain Management to ensure the effective day to day management of social performance issues. It oversees a team of Social Engagement Officers tasked with day to day liaison activities.

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

Stakeholder Engagement, Consultation & Grievance Management

- Build and maintain strong working relationships with key stakeholders in the operations / project areas including (but not limited to) MNR, local authorities and leadership, NGOs / CSOs, religious institutions and cultural bodies etc.
- Ensure stakeholder concerns, grievances and issues are captured, resolved and reported in accordance with the Operator's Grievance Management Procedure.
- Provide stakeholder feedback and insight and advise the Operator on external developments, trends and issues which may impact operators or future project activities.
- Undertake community engagement and consultation to educate the local stakeholders on operational activities as appropriate.

Crescent Petroleum

Responsibilities, Duties, and Accountabilities

- Work closely with communications / external affairs to ensure all supporting communications collateral is culturally appropriate, easily understood and produced in a timely fashion.
- Represent the Operator at local engagements which require social performance input / knowledge.

Social Impact Management

- Support the execution of social impact management plans in accordance with Social Performance Management System (SPMS) requirements. Where a contractor holds responsibility, oversee implementation – actively monitoring and evaluating performance.
- Provide social performance support to all site-based construction activities (early works, civils, workforce accommodation, associated facilities) as required to manage any social impacts (positive or negative).
- Contribute to site baseline mapping, risk assessments and management planning as required.
- Support other Operator initiatives (environmental awareness, local content etc) which contribute to social performance management as required.
- In cooperation with the contract owners, specifically those contracts which require regular interaction with local stakeholders, monitor their activities to ensure social performance compliance.
- Deliver a workforce social performance induction programme.

Social Investment

- Support the execution of the Operator's social investment programme, as required.
- Identify and secure required necessary clearances for execution of the agreed social investment initiatives.

Supervisory responsibilities

- Work closely with Social Performance Field Manager to prepare appropriate budgets in order to ensure necessary resources will be allocated for execution.
- Ensure all required reports are completed in an accurate and timely manner.
- Oversee a team of social engagement officers as required to deliver the team's key objectives.
- Ensure effective communications between the site-based teams and the functional social performance team.
- Participate in project social performance audits / reviews (internal and external) as required.
- Play a key role in the proactive management of site-based project issues, as requested.
- Proactively manage the training and development requirements of staff in accordance with agreed individual development plans.

Crescent Petroleum

Required Knowledge, Skills and Attributes:	
Education	▪ College Graduate; or potential experience in similar role.
Experience & Skills	▪ 2 – 3 years relevant past experience in similar job preferably in the extractives industry. ▪ Good computer skills (Microsoft Office). ▪ Good organisational and problem-solving skills. ▪ Excellent verbal and written communication skills. ▪ Good negotiation, conflict management and strong listening skills. ▪ Ability to effectively Chair large community meetings.
Language	▪ Native Kurdish - fluent in reading, writing and speaking. ▪ Good understanding of written and spoken English & Arabic.
Certificates / Licenses	▪ Any certificate putting value to the position.
Behaviours	▪ Awareness and sensitivity to diverse views and opinions. ▪ Demonstrates a high level of personal integrity. ▪ Establishes priorities and works with minimal direction. ▪ Collaborative. ▪ Participates in proactive team efforts to achieve departmental goals. ▪ Self-motivated and uses initiative and judgment to attain the best results. ▪ Demonstrates a personal commitment to health, safety and responsible environmental management.
Unique requirements of the job	▪ Similar social performance experience in rural areas. ▪ Understanding of local community practices and knowledge of local culture/history.

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 6 August 2019:
1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR
Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is: Social Performance Field Supervisor, Ref: SPFS/CSR/JULY/19)

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و گرێبەستە گشتیەکان

ژمارە: ٧٩٧٦/١٤/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٣

ئاگاداری

کەمکردنەوەی نهێنی

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ئاگاداری ئەو هەموو بەلێندەر و کۆمپانیانە دەکاتەوە کە ئەو مەرجانەی لەم ئاگادارکردنەوەیان هەیە بۆ بەشداربوون لە کەمکردنەوەی نهێنی بۆ ئەنجام دانی پرۆژەی (کرین و دابین کردنی ئامێری تاقیگە ئەندازیاری کیمیایی) بۆ بەشی ئەندازیاری کیمیایی جا هەر بەلێندەرێک و کۆمپانیایەک ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی بکەن لە سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ کرینی ئەم تەندەرە بەرامبەر بەبری پارەی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقی کە ناگەڕێتەوە بۆی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٤ دەست پێدەکات و دواکات بۆ پێشکەش کردنی تەندەرەکان لەکاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٧ دەبێت و پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری دارایی و کارگێری دەبێت وە لە هەمان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٧) تەندەرەکان دەکرێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:-

١- کۆمپانیا تۆمارکراو بێت و پسپۆر بێت لەم بوارە.
٢- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دیناری عیراقی بەشێوەی (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی چوار مانگ (بەمەرجێک لەبانکی حکومی دەرچووبێت)
٣- پشتگیری باجی دەرامەتی نوێکراوە بۆ ئەم ساڵ.
٤- زانکۆ پەیوەست نییە بە پەسندکردنی کەمترین نرخی تەندەر
٥- کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەلێندەرەی کارەکەی بۆ دەردەچێت.

پ.د.احمد أنور دزەیی
سەرۆکی زانکۆ

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/24 ژمارە (5796)



کرواتیا و بەکارهێنانی هێز بەرانبەر بە پەنابەران

عەبدولقادر کەڵهۆر

بە شێوەیەکی بەردەوام بەرپرسانی حکوومەتی کرواتیا ئەوەیان ڕەتدەکردەوە کە هێزیان بەکارهێنابێت لە گەڕاندنەوەو دەرکردنی پەنابەران لە وڵاتەکەیان و ناچارکردنیان بەگەڕانەوە بۆ بۆسناو هێرسک. تا ئەو کاتەی سەرۆکی کرواتیا خاتوو کۆلیندا گرابار کیتارۆڤیچ دانی بەوەنا کە گەڕاندنەوەی پەنابەران لەسەر سنووری وڵاتەکەی پێویستی بە بەکارهێنانی کەمێک یا خود ڕادەیەکی دیاریکراو لە هێز هەیە.

لەوەتەی پارسالەوە ڕێکخراوە مرۆییە جیهانییەکان باس لەوە دەکەن کە هێزەکانی پاسەوانی سنووری وڵاتی کرواتیا بەکارهێنانی هێزو کرواتیا ، گوتیشی کاتێک یەکێک بە ڕێگەیەکی نادروست سنووری وڵاتێک دەبڕێت کارێکی سروشتییە کە بە هۆی سەخت و دژواری ڕێگەوە دووچاری نەهامەتی ئەفسەران لەسەر سنوور قسەم کردووە، گوتوویانە کە هێزو تووندو تیژییەکی ئەو تۆیان بەکارهێناوە، بەڵام بۆگەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ ئەو دیوی سنوور پێویست بە



تووندوتیژی بەرنامەدارێژارو پەیرەو دەکەن لە بەرانبەر پەنابەران و دەیانگەڕێننەوە نێو سنووری بۆسناو هێرسک. لەو بارەوە ڕێکخراوە مرۆییەکان چەندین حاڵەتیان تۆمارکردبوو کە تیایدا پۆلیسی کرواتیا تیایدا بەهۆی بەکارهێنانی هێزو تووندو تیژی پەنابەرانیان بریندار کردووە.

لەبەرانبەردا میدیاکانی کرواتیا ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی ئەو ڕێکخراوانەیان پشتگوێدەخست و وەزارەتی دەرەوەی کرواتیاش ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە پۆلیسی کرواتیا هێزو تووندو تیژی لە بەرانبەر پەنابەرانەوە بەکار هێنابێت و بەزۆر گەڕاندبێتیانیەوە بۆ سنووری بۆسناو هێرسک و بە شێوەیەکی خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردبن.

دواتر لە سەرەتای ئەو مانگەدا (تەمموز) سەرۆکی کرواتیا خاتوو کۆلیندا گرابار کیتارۆڤیچ سەردانێکی بۆناوچە سنوورییەکان کردوو ئەوەی ڕەتکردەوە کە بڕینی ئەو پەنابەرانە بەهۆی بەکارهێنانی هێزەوە بووبێت لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی

ڕابردوو قیدیۆیەکی نیشاندا تیایدا پۆلیسی کرواتیا لە ئۆپەراسیۆنێکدا بە زەبری هێز پەنابەران ناچار دەکات بگەڕێنەوە بۆ سنووری بۆسناو هێرسک.

لەلایەکی دیکەوە تۆژەر لە ڕێکخراوی لێبووردەیی نێودەوڵەتی جیلینا سیزار گوتی، لێدوانی سەرۆکی کرواتیە مایەی شۆکە، لەوبارەوە لە لێدوانێکی بۆ

یاساکانی یەکێتی ئەورووپا بە بەردەوامی کارێکی نایاسییە. بۆیە بەهانە هێنانەوە لە لایەن سەرۆکی کرواتیا بۆ بەکارهێنانی هێزو گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ ئەودیوی سنووری ئابڕووبەرانەیە، داواشی لە کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا کرد کرواتیا ناچار بکات ئەو جۆرە ڕەفتارانە لەسەر سنووری ڕابگرێت.

جێی باسە بەرلە ساڵێک زۆر بەروونی دیاربوو ، کرواتیا ڕشتبوو لەسەر ئەوەی بەجیدی ڕۆڵی پاسەوانی سنووری ئەورووپا ببینێت. لە هەڵمەتی چوونە نێو شنگندا لە حوزەیرانی 2018وەزیری ناوخۆی کرواتیا دافۆر بۆزبنۆڤیچ لەسەردانێکی بۆ بەرلین بە روونی گوتی کرواتیا لەو بەشەی ئەورووپا بە هێزترین پۆلیسی سەر سنووری هەیە و شانازی پێوە دەکات.

کرواتیا کە ساڵی 2013 بووەتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ، هەوڵدەدات بچێتەنێ ,ناوچەی شنگن لە یەکێتی ئەورووپا ، بەڵام ئێستا بەروونی دیارە حکوومەت

دەیەوێت کارتی پاراستنی سنووردکان لەبەرانبەر کۆچبەران بەکاربێنێت. بۆ ئەوەی هاوولاتیانی کرواتیا بتوانن بە ئازادی بە نێو ئەوروپادا بگەڕێن .

هەر لەو چوارچێوە ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ ئەویش دەللایەن خۆیەوە لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرایکردبوو، پۆلیسی کرواتیا بەزەبری بەکارهێنانی هێز پەنابەران دەگەڕێنێتەوە نێو سنووری بۆسناو هێرسک و تەنانەت ڕێگەنادات داوای پەنابەریش بکەن. ڕێکخراوەکە بە حکوومەتی کرواتیای ڕاگەیاندووە ئەو ڕەفتارەی پۆلیسی کرواتیا هاودژە لەگەڵ یاساکانی یەکێتی ئەورووپا ، هاوکات هیومان رایتس وۆچ داوایکرد گوشار بخرێتە سەر کرواتیا بۆ ئەوەی بەکارهێنانی هێز لە بەرانبەر کۆچبەران ڕابگرێت و ناچارییان نەکات بگەڕێنەوە ئەو دیوی سنووری ئەو وڵاتەو ڕێگە بە دواکردنی پەنابەرێتی بدات و لێکۆڵینەوەش لەبەکارهێنانی ئەو هێزە بکرێت کە پۆلیسی کرواتیا بەرنبەر بە پەنابەران بەکاریدێنێت.

(دی دەبلیو) ی ئەڵمانی گوتی گەڕاندنەوەی پەنابەران بۆ ئەو دیوی سنوور بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و

بەکارهێنانی هێزێکی سنووردار دەبێت.

جێی باسە تەلەفزیۆنی سویسرا لە مانگی ئایاری کرواتیا گوتی، جارێکی دیکە ئەگەر گوێتان لە چیرۆکەکانی درندایەتی هێزەکانی پۆلیسی کرواتیا بوو پێویستە لەجیاتی جارێک دووجار بیر بکەنەوە ، چونکە دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە کە ئەوان تووندو تیژ نین.

کۆلیندا گرابار لە لێدوانیکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕشتبوونی خۆی نیشاندا لەسەر ئەوەی ، ئەوکەسانەی دەیانەوێت بپەڕنەوە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پەنابەر نین بەڵکو کۆچبەری ئابورین و پۆلیسی کرواتیاش بەهیچ شێوەیەک پەنابەرانی نەگەڕاندووتەوە بۆ سەر سنووری بۆسناو هێرسک.

دواتر دوای چەند ڕۆژێک لەو سەردانەیدا سەرۆکی کرواتیا ، لەسەردانێکی بۆ وڵاتی سویسرا لە دیدارێکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی سویسرا (ئێس ئار ئێف) گوتی، پۆلیسی کرواتیا پەنابەران لەسەر سنوور دەگەڕێنێتەوە. گرابار گیتارۆڤیچ لە لێدوانێکیدا گوتی، لەگەڵ وەزیری ناوخۆو فەرماندەی پۆلیس و

چەمکی سیاسی

کاپیتالیزم

کاپیتالیزم یان سەرمایەداری سیستمێکی کۆمەڵایەتی ژ ئابووریە و تیایدا لە کۆمەڵگەی سیاسی ڕێگە بە تاکەکانی کۆمەڵ دەدرێ بەدوای بەرژەوەندییە ئابووری و داراییەکانیاندا بگەڕێن بە مەبەستی وەدەستهێنانی زۆرترین قازانجی کەسی و لە ڕێگەی جۆراوجۆری وا کە لە زۆربەی حالەتەکاندا پێچەوانەی بەرژەوەندی زۆرینەن . بە واتایەکی تر : تاک لەنێو سیستمی سەرمایەداریدا خاوەنی ئازادیەکی زۆرە لە هەڵبژاردنی کارە بازرگانی و سەرمایەگوزاریەکان و بەو شێوەیەی خۆی بەباشی دەزانێ، ئەمەش لەپێناوی هێنانەدی و تێرکردنی خواست و ئارەزوەکانی . بۆیە سیستمی کاپیتالیزم بە ئازادی ئابووریەوە گرێ دراوە.



مانشێت



سکای نیوز:
ئاژانسی هەواڵی کۆریای باشوور ڕایگەیاند کە سوپای وڵات تەقەی بە ئاراستەی فڕۆکەیەکی شەڕکەری ڕووسیدا کردووە کە دوو جار سنووری ئاسمانی ئەو وڵاتەی بەزاندووە.



فرانس پرێس:
بۆ ماوەیەک کارەبا لە کاراکاسی پایتەختی ڤەنزویلا کوژایەوە و ئەمە زۆربەی گەرەکەکانی شاری دووچاری نائارامی کرد.



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
بە مەبەستی پاراستنی جموجۆڵی کەشتیوانی لە تەنگەبەری هورمز، بەریتانیا بە نیازی پێکهێنانی هێزێکی ئەورووپیە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە ئەفغانستان ، هەردووک شارۆچکەی کیران و مەنجان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان.



ڕادیۆ سەوا:
لە تەمەنی 72ساڵیدا ، یۆکیا ئەمانۆی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم کۆچی دوایی کرد.



ڕۆیتەرز:
سەرۆکوەزیرانی پاکستان ڕایگەیاند کە دەزگای هەواڵگری وڵاتەکەی یارمەتی ئەمەریکای داوە لە دەستگیرکردنی ئوسامە بن لادنی سەرۆکی قاعیدە.

خراپی ڕێگاکانی هاتووچۆ کۆسپی بەردەم پێشخستنی کەرتی گەشتیارین

نادر روستی

پێشخستن و گەشەپێدانی گەشتوگوزار بەندە بە پێشخستنی بنماکانی گەشتوگوزار، بنماکانیش پەیوەستن بە گۆڕانکاری لە ژێرخان و سەرخانی گەشتوگوزار. ڕێگای هاتووچۆ و گەیشتن بە شوێنە گەشتوگوزارییەکان بە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ژێرخان دادەندرێت، ڕێگاش چەند جۆرێکە، کە ڕێگای ئاسمانی و وشکانی و ئاوی دەگرێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە شوێنە گەشتوگوزاریەکانی کوردستانەوە هەیە ڕێگای ئاسمانی و ڕێگای وشکانییە بە تایبەت ڕێگەی ئوتومبێل، بۆیە دەکرێ لێردا ئاماژەیەک بە پێشخستن و خزمەتگوزارییەکان بدەین و لەو شوێنەش بوەستین کە پێویستە لە سااڵنی داهاتوو کاری زیاتری بۆ بکرێت.

کۆمەڵگە بە شێوەی گشتی سوودمەندە لە پێشخستنی ڕێگا، بەاڵم هەرچەندە خزمەتگوزاری ڕێگا پێشبکەوێت ئەوە هەریەک لە کەرتەکانی: (بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار) پێشدەکەون، واتە پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین کە پێشخستن و گەشەدان بە گەشتوگوزار و کەرتەناوبراوەکان بەبێ دابینکردنی ڕێگای گونجاو و ئامێرەکانی گواستنەوە بۆ گەشتیاران گەشتوگوزار هیچ واتایەکی ئابووری ناگەیەنێت، بۆیە هەرچەندە خزمەتگوزاری هاتووچۆ دابین بکرێت، ئەوە ڕاستەخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بە سوودی پێشوەبردنی گەشتوگوزار و کەرتەکانی تر تەواو دەبێت. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە کە بزانین تاچەند ئەم ڕێگایانە خزمەتیان بە گەشەسەندنی گەشتوگوزار کردوە؟

لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر ڕێگا سەرەکیەکان و ناو شارەکان بە شێوازێکی جوان نۆژەن کراونەتەوە و هەندێکیشیان دوو ساید کراون، کە هەندێک لەو ڕێگایانە ڕاستوخۆ شوێنە گەشتوگوزارییەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە، ڕاستی و باشی ڕێگایەکانش وادەکەن کە گەشتیار زیاتر ئارەزوی گەشت بکات، چونکە کەمتر لە ڕێگا هیلاک دەبێت و مەترسی ڕێگای لە سەر کەم دەبێتەوە، بەم جۆرە بزاڤی گەشتوگوزار ڕوو لە گەشەکردن دەبێت و خزمەتی دوارۆژی کوردستان دەکات. بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی ئێستاو ڕابردووی ڕێگایی هەولێر و پیرمام بکەین، بەتایبەت پێچەکانی پیرمام ، مرۆڤ ئەو ڕاستیە دەبینێت کە سەد لە سەد پێشخستنی تێدا کراوە و خزمەتگوزاری تەواوی بۆ دابین کراوە، کاتێکیش تونێلی پیرمام و سۆرک بە ڕووی هاتووچۆی گەشتیاران و هاوڵاتیان دەکرێنەوە، کاریگەریکان زۆر بەرچاو و زیاد دەبن، پێشکەوتنی لەم جۆرە لە شوێنەکانی تریش زۆرە، وەک: ڕێگای دۆکان سلێمانی، سلێمانی سیتەک و ناوچەی شارباژێر، زاخۆ و دهۆک، ڕێگای 120م لە ناو هەولێر. ئەگەرچی ئەمەانە تەنیا ڕێگای گەشتیاری نیین، بەاڵم خزمەتێکی زۆر بە گەشتیاران دەکەن و هاندەری بەهێز دەبن بۆ زیاتر ڕاکێشانی گەشتیاران. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک شوێنی گرنگی گەشتوگوزار هەیە، تاکو ئێستا ڕێگای هاتووچۆکردنیان زۆر خراب و وێرانە، بۆ نموونە ڕێگاکانی سنووری هەولێر وەربگرین وەک سۆران و ناوچەی باڵەکایەتی و دۆڵی خۆشناوەتی و میرگەسۆر و دەروبەری، ڕێگای کۆیە کە هەموو ئەم شوێنانە بەردەوام فشاری گەشتیاریان لەسەرە، ڕێگای زۆر نەشیاون. لە ڕۆژانی بەهار و نەورۆز و لە ڕۆژانی پێنج شەموو و هەینی و شەمە بە تایبەت لە ئێواران هاتوچۆکردن زۆر سەخت و ئەستەم دەبێ، یەک کاتژمێرت لێ دەبێ بە 4کاتژمێر. دۆڵی وەرتێ زیاتر لە 500کەپری گەشتیاری لێ دروست کراوە، دەوروبەری چۆمان زیاتر لە 450 کەپر و زیاتر لە 150مۆتێل و شوێنی گەشتیاری لێدروستکراوە، بەاڵم بە هۆی خراپی ڕێگەی هاتووچۆ بەردەوام هاوڵاتی و گەشتیار گلەی دەکەن و بەردەوام ڕووداوی هاتووچۆ هەیە. ڕێگای نێوان شارۆچکەی چۆمان لە باڵەکایەتی و هەولێری پایتەختی کوردستان کە زیاتر 150کم دەبێت، ئەم ڕێگایە کە زیاتر لە 3کاتژمێر دەخایەنێت، بۆ گەشتیار ڕێگایەکی دوورە، لە گەڵ ئەمەشدا گەشتیاران بۆ بینینی جوانی سروشتی ناوچەکە و چێژ وەرگرتن لە فێنکی کەشوهەوای ناوچەکە لە وەرزی هاویندا بەردەوام دەبن لە گەشتەکانیان بۆ ناوچەکە، بەهۆی خەراپی و وێرانی ڕێگەی سەرەکی نێوان چۆمان و سۆران و هەولێر گەشتیاران بەردەوام نیگەران، ئەمەش بەهۆی زۆری چاڵای و قۆڵت و تاسەی و خەرابوونی بەشێک لە ڕێگاکە. لەمەش وێرانتر و ناخۆشتر نەبوونی ڕێگای قیرکراوە بۆ شوێنە گەشتیارییەکان و بۆ گوندە سروشت جوانەکان و بۆ کۆیستانە هەمیشە فێنک و گەشتیارییەکان بۆ ناو پرۆژەکانی گەشتیاری لە دۆڵی سەکران و دۆڵی خۆشکان و پرژی و بناری کۆدۆ و هەواڕەکانی دۆڵی ڕوست و حاجی ئۆمەران و وەرزێ و وێزێ و دێڵێزێ و کاولۆکان و بۆ دۆڵی ماونان و بۆ کانی بەست بۆ زێوەی خۆشناوەتی و بۆ هەندێک ناوچەی سیدەکان و ... چەند نموونەیەکن.

کەواتە ڕێگای هاتووچۆی نێوان چۆمان و گوندەکان و شوێنە گەشتیارییەکان پێویستە بە ڕێگایەکی باشی قیرکراو بە ڕێگای سەرەکی سۆران- چۆمان ببەسترێنەوە. بەاڵم ئەگەر ڕێگاکان بەم جۆرە بە وێرانی و خەراپی بمێنەوە، ئەوە هەرگیز ناوچەکە لە ڕووی گەشتیاری پێش ناکەوێت، چونکە گەشتیار ڕوو لەو شوێنە ناکات کە ڕێگای شیاوی هاتووچۆ نییە و هەردەم مەترسی لە سەر ژیان و لەسەر ئوتومبێلەکەی دروست دەکات. واتە نابێ گەشتیار بە ترس و شڵەژاوییەوە ڕێگا ببڕێ و گەشت بکات. لە کۆتایدا دەڵێم تەنیا ڕێگای هاتووچۆ تاکە هۆکار نییە بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی گەشتوگوزار، بەڵکو سەرجەم هۆکارەکانی سەرخان و ژێرخان بە یەکەوە ئەتوانن گەشتوگوزار پێشبخەن و گەشتوگوزار بکەنە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی داهاتی نیشتیمانی. بەاڵم تاکو خزمەتگوزاری ڕێگا بۆ شوێنە گەشتیارییەکان دابین نەکرێ، سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی تر واتایەک نابەخشن، بۆیە لە ڕێگای ئەم نووسینەمەوە داوا لە بەر پرسان و کەسانی پەیوەندار دەکەم کە گرنگی بەچاکردنەوە و دروستکردنی ڕێگابان و پێشخستنی کەرتی گەشتیای بدەن، تاکو کێشەی ڕێگا بەردەوام بێت نابێت چاومان لە پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری و کشتوکاڵ و بازرگانیش بێت.


بەشێکی زۆر لە ڕێگای گوندو ناوچە شاخاوییەکان نەشیاون. دیمەنێک لە دۆڵی ڕۆست

دانیشتوانی گوندی زێوە داوا دەکەن گوندەکەیان بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری




سروشتی گوندی زێوە

گوندی زێوەی خۆشناوەتی دەکەوێتە دۆڵی باڵیسان، لەڕووی کارگێڕی سەر بەناحیەی بێتواتەیە لە قەزای ڕانیە. سروشتێکی جوان و ڕازاوەی پڕ لە دارودرختی هەیە، لە ناو باخەکانی ئاوپڕژە و قەڵبەزەی ئاو سوڵاوکی ئاو ناوچەکەی پڕ لە هاژەی ئاو کردووە، تاقگەیەکی زۆر بەرزی هەیە، لە پشوەکان گەشتیارێکی زۆر سەردانی گوندەکە دەکات و بەاڵم بە هۆی خرابی ڕێگە و بەرتەسکی شوێنی مانەوە کێشە بۆ گەشتیاران دروست دەبێت. ساڵی ڕابردوو تیمێکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار ناوچەکەی بەسەر کردەوە و کۆمەڵێک زانیاری لەسەر سروشتەکەی کۆکردەوە و لە ڕاپۆرتێک پێشکەش بەسەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار کرا، ناوچەکە زۆر شیاو و لەبارە بۆ بە گەشتیاری کردن. دانیشتوانی ناوچەکە لە داواکاریکی نووسراوادا بۆ سەرۆکایەتیەکانی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران داوادەکەن ناوچەکەیان گرنگی پێبدرێ و بە گەشتیاری بکرێ. لە داواکاریکی نوێیان بە واژۆی زیاتر لە 32 کەس داوا لە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار دەکەن ناوچەکەیان گرنگی پێبدرێت و بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری. وەک لە داواکاریەکەیاندا هاتووە کە گوندی زێوە بە هۆی زۆری ڕەزوباخ و جوانی ناوچەکە پێویستە

کەپری گەشتیاری ناڕێک و نرخی زۆریان گەشتیارانی نیگەران کردووە


دیمەنێک لە کەپرەکانی دوکان- وێنە: هێمن ڕانیەیی

کەپری گەشتیاری لە سەیرانگە و هاوینگە و هاوینەهەوارەکان لە ساڵانی ڕابردوو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە قوماش و پەڕۆ و حەسیر و جەمەلۆن و گەڵای دار دروست کرابوون، هەندێکیان دووربوون لە بنەمایی گەشتیاری و سیمایەکی ناشارستانی و ناڕێکیان هەبوو، تەنانەت مەترسیان بۆ سەر گەشتیاران هەبووە نەبوونەتە شوێنێک کە گەشتیار بە ئاسوودەی لە ناویدا پشوو بدات، بەاڵم لە هەندێک شوێن و ناوچە کەپری زۆر ڕێک و سەردەمیانە دروست کراون. سەرەڕای ئەمەش هەندێک لە شوێنەکان نرخی زیاد لە گەشتیاران وەردەگرن، دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بەفەرمانێکی تایبەت و بەفەرمی ڕێگە لەم جۆرە کەپرانەی گرتوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشتوگوزار لە شار و شارۆچکەکان ئاگادار کراونەتەوە کە ڕێگەی بە کەپری ناشایستە نەدرێ و سەاڵمەتی گەشتیاران لەبەرچاو بگرن، بەڕێوەبەرایەتیەکان پێویستە کە کەپری سەردەمی و شارستانییانە لە شوێنە گەشتیاریەکان بە مواسەفاتی نوێ دروست بکرێن، ئەو لایەنەی پابەند نەبێت و سەرپێچی بکات، بە پێی یاسا مامەلەی لەگەڵ دەکەین و ڕێگەی لێدەگرین. بۆیە پێویستە خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان پابەند بن و شوێنەکانیان بە پێی فەرمانەکە ڕێکبخەنەوە، جۆری کەپرەکانیش دیار نەکراوە و خاوەن شوێن ئازادە لە دیزاینی شێوازەکەی.

دڕێژی 7کم دروستکردنی چەند ڕێگایەک لە ناو باخەچەکان بە دڕێژی 10کم. دروستکردنی چەند مۆتێلێکی گەشتیاری لە ناوچەکە.

بۆ بە گەشتیاری کردنی ناوچەکە، ڕێگای بێرمەی فەقیان چاک دەکرێ



دۆڵی فەقیان بە دووری 17کم دەکەوێتە ڕۆژهەاڵتی شارۆچکەی ڕواندز، ناوچەیەکی سروشت جوان و ڕازاوەیە، ژمارەیەک شوێن و کەپری گەشتیاری لە ناوچەکە دروستکراوە و گەشتیاران ڕووی تێ دەکەن، بێرمەی فەقیان بە دووری 6کم دەکەوێتە بەرزایی ناوچەکە، لە وەرزی بەهار سروشتێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە و هاوڵاتیان ڕووی تێدەکەن، بەاڵم بە هۆی ناڕێکی ڕێگەکەی هەموو کەس نەیدەتوانی بە ئاسانی پێی بگات.

دوای هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆر بە هاوکاری دڵسۆز و خەمخۆران، لەسەر بودجەی سەدا حەڤدەی بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەولێر بریاردرا ڕێگەی بۆ خۆش بکرێتە سەیرانگەیەکی گەشتیاری، بۆ ئەم مەبەستە چەند داواکاریەکیان هەیە کە بریتین لەمانە:

سەردانی کردنی لێژنەیەک لە بۆ ناوچەکەیان

قیرتاوکردنی ڕێگای میرگەسەر بۆ زێوە بە

بکرێت. چیا محمەد بەڕێوەبەری بنکەی گەشتوگوزاری ڕواندز لەم بارەیەوە گوتی: تواینمان یەکەم سلفەی چاک کردنی ڕێگای بێرمەی فەقیان و سەرسێوە و بنمێردە وەربگرین، لەو مانگە دەست بە کار کردن ئەکەین،

ئەو ڕێگایە بە دڕێژی شەش کیلۆمەتر و بە پانی شەش مەتر فەتح و چاک ئەکەین،

لەگەل دانانی قەنتەرە لە چەند شوێنێکی پێویست بۆ ئەوەی لەگەل ئاوی باران جادەکە تێک نەچێتەوە. بەو هیوایەن چاک کردنی ئەو ڕێگایە سودی گشتی هەبێت و لە دوای تەواو بونی بتوانین پرۆژەیەکی گەشتیاریشی لێ دروست بکەین.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/24 ژمارە (5796)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com





پێڕۆ رۆژی لەدایک بوونی بوو
تەمەنی 97 ساڵە و بەردەوام شەترەنجیش دەکات

یۆری ئاڤەرباخ کە هەڵگری نازناوی کۆنترین گراندماستەری شەترەنجە لە جیهان، پێرۆ پێی نایە تەمەنی 97ساڵی و تا ئێستاش یاری شەترەنج دەکات و بەشداری پاڵەوانێتییەکان دەکات.
یۆری کە خەڵکی وڵاتی ڕووسیایە لەدایکیکی ڕووسی و باوکێکی ئەڵمانی، لە ساڵی 1952بڕوانامەی گراندماستەری بەدەستهێناوە و چەند جارێک پاڵەوانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، لە ساڵانی 1949و 1952و تا ئێستاش لەیاری بەردەوامە و سەلماندوویەتی کە شەترەنج تەمەن ناناسێت.



ئەمڕۆ سیروانی نوێ و چۆمان لەیاری کۆتایی خولی فوتسالّی کچانی کوردستاندا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ چوارشەممە لەیاری کۆتایی خولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا، هەردوو تیپی فوتسالّی کچانی سیروانی نوێ و چۆمان لەیارییەکی بەهێز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، یارییەکە لەهۆڵی داخراوی سالّح عەلی لەشاری سلێمانی ئەنجام دەدرێت، هەردوو تیپ جگە لەبردنەوە و بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە بۆ هیچ ئەنجامێکی دیکە یاری ناکەن، لەیاری ڕابردوودا کچانی چۆمان بەرانبەر زێرەڤانی تووشی شکست هات، بەڵام بەسوود وەرگرتن لەیاری ڕابردوو و بەجیاوازی گۆڵ توانی سەرکەوێت بۆ یاری کۆتایی خولەکە، بۆیە ئەم یارییە بۆ هەردوو تیپ تاراددەیەکی زۆر هەستیار و بەهێز دەبێت لەهەموو ڕوویەکەوە، ئەمڕۆ لەنێوان هەردوو تیپ کامیان پلەی یەکەم بەدەست بهێنن ئەوا بۆ یەکەمینجار میژوویەکی پڕ دەستکەوت و نازناوێکی گەورە بەدەست دەهێنن و دەبنە پاڵەوانی خولی فوستالّی کچانی کوردستان بۆ وەرزی 2018-2019، لەمبارەیەوە ڕاهێنەری تیپی کچانی چۆمان لەبارەی یارییەکەیان بەرانبەر سیروانی نوێ دەڵێت: ماوەی 3ڕۆژە ئامادەکارییەکی تەواومان کردووە بۆ یاری کۆتایی، پارسالّ چۆن توانیم نازناوی خولەکە بۆ ئافرەتانی هەولێر بەدەست بهێنم، ئەمسالّیش پەنا بەخودا و بەهەوڵ وکۆششی هەموو یاریزانەکان هەوڵ دەدەین براوەی یارییەکە بین و نازناوی خولەکە بکەینە دیاری بۆ سەرجەم هەوادارانی وەرزشی دەڤەری چۆمان.

دی لیخت: خەڵکێکی زۆر ئامۆژگارییان کردم بچمە بەرشلۆنە

ماتیاس دی لیختی بەرگریکاری تازەی یانەی یۆڤینتۆسی ئیالّی دووپاتی کردەوە کە زۆرێک لە خەڵک ئامۆژگاریان کردووە بچێتە یانەی بەرشلۆنە نەوەک یانەی یۆڤینتۆس.
ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی لیدوانیکی دی لیختی بلاوکردۆتەوە کە یەمشیویەبووە: بەرلەوەی بچمە یۆڤی، خەڵک زۆر ئامۆژگاریان بۆ کردم کە بچمە بەرشلۆنە ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان ئەیاکس و بەرشلۆنە، بەڵام لەسەر من بوو بڕیارێک بدەم کە لەبەرژەوەندی خۆمدا بێت، بۆیە پیم باشتر بوو بچمە یانەی یۆڤینتۆس، هەروەها گوتی: ئەگەر سەیری میژووی تۆپی پێی ئیتالّیا بکەین دەبینین ئەوان ئەستێرەی بەرگریان زیاتر لە خولی ئیسپانیا دەرکەوتوون وەک کاناڤارۆ و مالدینی و نیستا و باریزی، ئەوەش پێویستە بڵێم ئەوکاتەی تەمەنم 7ساڵان بوو هاندەری یانەی یۆڤینتۆس بووم.



فیدرێر، نادال و جۆکۆڤیچ
کامیان باشترن؟

ڕۆژی یەک شەمەی ڕابردوو، لە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتی ویمبلدۆن دا، نۆڤاک جۆکۆڤیچی سڕبی، بە ئەنجامی سێ گێم بەرامبەر دوو گێم لەرۆجەر فیدرێری سویسری بردەوە، بەمەش کۆی نازناوەکانی لە چوار پاڵەوانیەتییە گەورەکە (گراند سلام) گەیاندە 16نازناو، بەڵام هەرچەندە فیدرێر، تەمەنی 38 ساڵانە، کەچی هێشتا هەر لە پێش نادال و جۆکۆڤیچەوە دێت. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی فیدرێر و پێکانەکانی نادال و جۆکۆڤیچ، بەڵام ئەو سێیانە بوونەتە سومبولی گەورەترین رکابەری لە میژووی تێنسدا. رکابەری نێوان ئەو سێیانە بەردەوامە، فیدرێر، خاوەنی (20) نازناوی گراند سلامە، نادال، خاوەنی (18) نازناوە و جۆکۆڤیچیش خاوەنی (16) نازناوە. فیدرێر، خاوەنی دوو ملوانکەی ئۆلمپییە، یەک زێر و یەک زیو، نادال، خاوەن یەک ملوانکەی زێرە و جۆکۆش،خاوەنی یەک ملوانکەی برۆنزە. فیدرێر، بە درێژایی کاروانی وەرزشی خۆی خاوەنی (101) نازناوە، نادال، خاوەنی 82نازناوە و نۆڤاکیش، خاوەنی 75نازناوە. کەواتە بەڕای تۆ کامیان باشترن؟

ڕەمزی میرەکانی

میسی پێداگری لەگەڕانەوەی نایمار دەکات

پێدەچێت لیۆ میسی بیەوێت لەم هاوینەدا نایمار بگەڕێتەوە بەرشلۆنە، هەواڵەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە ئەستێرەی بەرشلۆنە داوای لە بەرپرسانی یانەکەی کردووە کە بەزووترین کات کۆتایی بە گفتوگۆکانیان لەگەڵ نایمار بهێنن و بۆ ئەم هاوینە ئەو یاریزانە بەرازیلیە لە بەرشلۆنە بێت.
گراهام هانتەری شارەزا لە بواری تۆپی پێی ئیسپانی ئاشکرای دەکات کە میسی پێداگرە لەسەر گەڕانەوەی نایمار بۆ ڕیزی بەرشلۆنە و جارێکی تر سێگۆشەیەکی هێرشبردنی ئاگرین دروست بکەنەوە، هەروەک تۆڕی Sky Sport بڵاویکردۆتەوە کە لە ڕاستیدا میسی دەیەوێت نایمار بگەڕێتەوە لایان، چونکە میسی لەگەڵ نایمار کە بەیەکەوە بوون زۆر هەماهەنگ و لەیەک گەیستوو بوون

مان یونایتد 2 ئەستێرەی دیار دەکڕێت

ڕۆژنامەی ئیندیپیندتی بەریتانی ئاشکرای دەکات کە یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لەوە نزیک بۆتەوە کە لە بازاڕی گواستنەوەی هاوینەدا گرێبەستیکی گەورە ئەنجام دەدات.
بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی بەریتانی، یانەی مان یونایتد دوو گرێبەست ئەنجام دەدات ئەوانیش لەگەڵ هەریەک لە برۆنۆ فیرناندیزی ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی لیشبۆنە بەرامبەر بە 70ملیۆن یورۆ، هەروەها 90 ملیۆن یورۆش لەپێناو گەیشتن بە خزمەتەکانی هاری ماگوایەر ئەستێرەی هێڵی بەرگری یانەی لیستەر سیتی.
160ملیۆن یورۆ پارەیەکی زۆرە، بەڵام ئۆلیگنار سولشایەری ڕاهێنەری مان یونایتد داوای لە بەرپرسانی یانەکەی کردووە کە ئەگەر دەیانەوێت مان یونایتد رکابەری یانە گەورەکانی ئینگلتەرا بکات، ئەوا پێویستە پارەیەکی زۆر تەرخان بکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 24. Jul. 2019 No: (5796)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر




حەسەن شەریف بۆ ساڵیادی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی (گریڤانا سۆر) بلاو دەکاتەوە

گریڤانا سۆر گێڕانەوەی تراژیدیای فەرمانی حەفتا و سێیەمینە کە بەسەر ئێزدیخان دا هات

ئا: عیسا بۆتانی

بەرهەمی نوێی هونەرمەندی پێشمەرگە (حەسەن شەریف) کە بەناوی (گریڤانا سۆر)ەوە، لە ساڵیادی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و لە ڕێورەسمێکی تایبەت کە لە سنووری ئێزدیخان دا بەڕێوە دەچێت نمایش دەکرێ و پێشوەختەش لە کەناڵەکانی میدیا بڵاو دەکرێتەوە، هەڵبەستوانی کورد (ئەمین بۆتانی) تێکستی بەرهەمەکەی لە گەرمەی ڕووداوانی ئەو کارەساتەی بەسەر شەنگال و کۆچۆ و ئێزدیخان دا هات هۆنیوەتەوە و ئاوازەکەشی لەلایەن هەڵبەستوان (ئەمین بۆتانی) و هونەرمەند (حەسەن شەریف) بە هاوبەشی دانداراوە.

(گریڤانا سۆر) گێڕانەوەی ئەو ستەم و ئازارە بە سوێبیەیە کە بە دریژایی دیرۆک لە کوردانی ئێزدی کراوە تاکو فەرمانی حەفتا و سێیەمین، دەربڕی تاوانێکی هەرە قێزەون و نامرۆڤانەیە کە دەرحەقیان کرابێت. حەسەن شەریف سەبارەت بەم بەرهەمە نوێیەی دەڵێت: (هەڵبەستی گریڤانا سۆر لە کاتی کارەساتی جینۆسایدی خوشک و برا ئێزدییەکانمان لەلایەن هەڵبەستوانی گەورە ئەمین بۆتانی نووسراوە، لەوساوە ئەمین هەڵبەستەکەی پێدام، دەمویست لە کۆنسێرتێکی شایستەدا بەشێوەیەکی زیندی وەکو هاوارێک بیدەم بە گوێی دنیا کە چ تاوان و ستەمێک لەوە گەورەتر هەیە لەبەرامبەر مرۆڤەوە کرابێت، بەڵام دەرفەتی ئەوە دروست نەبوو). لەلایەکی دیکەشەوە هونەرمەند حەسەن شەریف دەڵێت: (بەو بەرهەمە ناتوانین برینی سەختی ئێزدیخان ساڕێژ بکەین، بەڵام ئەوەی کردوومانە لاواندنەوەیەکە بۆ خەمێکی قورس کە ئەستەمە لەبیر بکرێ و ساڕێژ ببێت. لاواندنەوە و ڕێزگرتنێکە بۆ ئەو قوربانییە مەزنەی ئێزدیخان). هەڵبەستی ئەو سترانە بە شێوەیەکی جیاواز و قوواڵ هۆنراوەتەوە، بۆیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام ... دەمویست لە کەشێکی بێدەنگ و هێمن و تەنها بە هاوڕێیەتی یەکدوو ئامێری مۆزیک بیچڕم) لەڕووی ناوەرۆکی تێکستەوە شەریف وەهای گوت: لە کۆتاییدا حەسەن شەریف سوپاسی (گورسەل دایان) ی کرد کە لەلایەن ئەوەوە کاری تۆمارکردن و میکس و ڤێنەگرتنی بۆ کراوە و سەبارەت بەو گوتی: (سوپاسی گورسەل لە ستۆدیۆی ڕۆ مۆزیک ڕۆشین دەکەم، هەمیشە و لە کاتی سەختدا هاوکاری کردووم وشانی داوەتە بەر کارەکانم)، هەروەها سوپاسی زۆری بۆ هەڵبەستوان (ئەمین بۆتانی) دەربڕی و دڵسۆزی (عیسا بۆتانی) یشی بەرز نرخاند کە بەکاری مۆنتاژکردنی کلیپەکە هەستاوە. بۆ زانین، گریڤان ناوی ئەو کراسە سپیە یەخە بازنەییە کە کوردانی ئێزدییە، هەروەها تۆک و پێسیریشی پێ دەڵێن، کراسێکی پیرۆزە و یەکێکە لە ئاماژە پیرۆزەکانی کوردانی ئێزدی، خۆشەویستی و هەبوونی خۆر و ڕووناکی دەبەخشێ، شێوە بازنەکەی ملکەی کراسەکەش بەواتای (بازنەی خۆشەویستی و ڤیان)ە، کە بەداخەوە دڕندەکانی سەحرا ئەم گریڤانە سپی و بێگەردەی کوردانی ئێزدیخانیان خەڵتانی خوێن کرد.



ئاشێکی کۆن لەسەردەمی ئێستادا (فۆتۆ: کوردۆ ئەنوەر)

ڕێگایەک بۆ تەماشاکردنەوەی ڤیدیۆ کۆنەکان لەسناپ چاتدا

ئەپلێکەیشنی سناپ چات تایبەتمەندییەکی نوێ بۆ هاوڕێیان بەردەست دەکات کەدەتوانیت وێنە وگرتەی ڤیدیۆیی بۆ ماوەیەکی زیاتر لەیەک شۆیندا بێڵێتەوە.

جێی ئاماژە پێدانە لەڕێی تایبەتمەندی "دۆسیەی هاوڕێیان"ەوە دەتوانیت وێنە و ڤیدیۆ لەیەک شۆیندا لەدەرەوەی گفتوگۆکە خەزن بکەیت و دواتر بەپێی خواستی خۆت بۆی بگەڕێتەوە و تەماشای بکەیتەوە. کەسەکە دەتوانێ تەماشای دۆسیەکەی بکات لەگەڵ هاوڕێیەکی دیاریکراودا لەڕێی کلیککردن لەوێنەی هاوڕێکەی.

ئەمەش وادەکات بەئاسانی بەشوێن یادەوەرییەکانت و زانیارییەکانت بگەڕێیت کەپێشتر خەزنت کردووە، ئەمەش تەنیا خۆت و هاوڕێکەت دەیبینن.

پزیشکێک خولیایەکی پێچەوانەی پیشەکەی هەیە!

دکتۆرە هەڤین کەمال: حەزم دەکرد لەجیاتی پزیشک وێنەکێش بوومایە

وریشە عومەر

دکتۆرە هەڤین کەمال یەکێکە لەدکتۆرە ڕوحسوک و چالاکەکانی شاری سلێمانی ئەم دکتۆرە زۆر چالاکە و لەزۆربەی کۆڕە شیعری و ئەدەبی و چالاکییە هونەرییەکان بەشدار دەبێت. هەڤین کەمال بە خەباتی ڕاگەیاند: بەداخەوە ئەو بواڕەی کەزۆر باشم تیایدا و سەرکەووتوم کە بواری پزیشکییە حەزم لێی نییە! ئەو بواڕەشی کەزۆرم حەز لێیەتی کە وێنەکێشان و نووسینە نەمتوانیوە پێی بگەم و خۆمی تیا تاقی بکەمەوە و سەرکەوتوو بم تێیدا، ئەو دکتۆرەیە لەدوومانهیدا دەڵێت: ژیان وایە مەرج نیە ئەوەی حەزت لێیبێت بۆت بێت.



رزگار حەمەڕەوف کلیپی موزیکی نارینی بەرهەمهێنا

بەرهەم شێخ عزەدین:

هونەرمەندی میوزیکژەن رزگار حەمە ڕەوف لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی:کلیپی موزیکی نارین بەکۆتا هات ، سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕیانەی هاوکارم بون لەئەنجام دانی ئەم کلیپە هەمیشە سەربەرز و دڵ خۆشم بە بونیان ، موزیکی (نارین) لەلایەن هونەرمەند چیامەدەنی کاری موزیکی بۆ ئەنجام دراوە ،(ئاسۆ حوسێن) وێنەی گرتووە ،هیوادارم بەدڵی هەموولایەک بێت.